# شانۆی داریۆفۆ .. شانۆی حەقیقەت !



ئەرسەلان دەرویش

داریۆفۆ (١٩٢٦_ ....) خاوەنی خەڵاتی (نۆبڵ)ی ساڵی ١٩٩٧ لە ئەدەبدا، پێش ئەوەی نووسەربێت، شانۆکارە، چونکە هەرگیز وشەکانی لە جەستەو دەنگ و جوڵە هێما بەخشەکانی جیا ناکرێنەوە، ئەو پێی وایە پێویستە هونەرمەندی شانۆکار بەتایبەتی ئەکتەرەکان، خۆیان دەقی نمایشەکانی خۆیان بنووسن. لەکتێبە ناوازەو بەناوباگەکەیدا ( رێبەری سەرەکی ئەکتەر ) دەڵێت "ساڵانێکە بەردەوام دووبارەی دەکەمەوە " تەنها رێگەیەك بۆچارەسەرکردنی ئارێشەی شانۆ، ناچارکردنی ئەکتەرەکانە وهاندانیانە بۆ نووسینی تێکستی نمایشەکانیان، بەجۆرێك تایبەتمەندێتی کارکردنیان برەخسێنێت، دەبێ ئەکتەرەکان خاوەنی شانۆی خۆیان بن" پاشان دەڵێت "ئەوبیرۆکە مەترسیدارە پێویستە وەلاوە نێین کە پێی وایە شانۆ لەکارێکی ئەدەبی زیاتر چیتر نییە، لەبری خوێندنەوەی بە ئاسانی، ئامادە دەکرێت یان نمایش دەکرێت و دەردەهێنرێت...) ژمارەی شانۆگەرییەکانی داریۆفۆ دەگاتە حەفتا تێکست، زۆربەیان لەسەر تەختەی شانۆکانی زیاد لە پەنجا وڵات نمایش کراون.

ژیانی هونەری ئەم شانۆکارە ئیتاڵییە، وەك ئەکتەر لەگەڵ چەندین تیپی گەرۆکدا دەستی پێکرد، سەرەتا هەلومەرج رێگەی نەدا نۆبەرەی بەرهەمە شانۆییەکانی خۆی پێشکەش بکات، تاکو ساڵی ١٩٥٣، لەو کاتەدا دوو شانۆگەریی ئامادەکرد بە ناونیشانی (پەنجە لە چاودایە) و (ساغە شێتەکان)، بەڵام هەردوو کارەکە دووچاری دەست بەسەراگرتن هاتن لەلایەن لیژنەکانی سانسۆرەوە، داریۆفۆ بێئومێد نەبوو، بەڵکو فێر بوو چۆن فێڵیان لێبکات و کارەکانی رەتبکات بەسەریاندا، بەمجۆرەش توانی چوار شانۆگەریی کورت لە ساڵی ١٩٥٧دا پێشکەش بکات بەناونیشانی (نمایشکارانی جلوبەرگ و دزەکان) کە مایەی پێشوازییەکی گەرم بوون لەلایەن جەماوەرەوە. لە وەرزی دواتریشدا چوار شانۆگەری کورتی نوێی بە ناونیشانی(کۆتاییەکی گاڵتەجاڕ) پێشکەش کرد. تیایدا ئاراستە و شێوازی کارکردنی شانۆیی دیاریکرد. پاشان یەکەمین تیپی شانۆیی خۆی لەگەڵ خاتوو (فرانکا رامێیە) ی ئەکتەر و هاوسەری لەساڵی ١٩٥٩دا بەناونیشانی (تیپی شانۆی داریۆفۆ و فرانکا رامێیە) دامەزراند، لەو تیپەدا چەندین شانۆگەریی بوێرانەیان نمایش کرد وەك(فریشتەکان یاری فلیپەر ناکەن)، بەڵام دەسەڵاتی ئیتاڵی مۆڵەتی کارکردنی ئەم تیپەی کێشایەوە، بۆیە جارێکی تر بە پیشتیوانی پارتی کۆمنیستی ئیتاڵی تیپێکی نوێیان بەناونیشانی (نۆفاسینا) دامەزراند کەچی ئەو پارتەش دوای پەسەندنەکردنی بەرهەمەکانی ئەم تیپە وەك (کرێکار ٣٠٠٠وشە دەزانێت) و (بۆیە بەرێزە) پیشتیوانی خۆی کێشایەوە، پاش ئەوەی خۆیی و هاوسەرەکەی ئەم پارتەیان بەجێهێشت و لێی هاتنە دەرەوە تیپێکی تازەیان بەناوی (کۆمیۆن)ەوە واتا (شارەوانی) دامەزراند،



لەم تیپەشدا زنجیرەیەك نمایشی شانۆییان پێشكەش كرد رەنگە دیارترینیان مۆنۆدرامای (نادیارە گاڵتەجارەكان) بێت، خۆی كاری نواندنەكەی ئەنجام دەدا، ئەم نمایشە لەچوارچێوەیەكی بەزمەساتدا رەخنەی لە راڤەكردنی كەنیسەی كاسۆلیكی بۆ ئەنجیل دەكرد، بەهۆی توانای ئەفرێنەرانەی داریۆفۆ لە بەرجەستەكردنی كارەكتەرەكەدا ئەم نمایشە رووبەڕووی نارەزاییەكی توند بۆوە لەلایەن كەنیسەوە، هەر ئەم هۆیەش بوو ناوبانگێكی بەرفراوانی لەشانۆ ئەوروپییەكاندا پێبەخشی، دواتر چەندین شانۆگەریی سەرنجراكێش و بەستایلە بەناوبانگەكەی خۆی پێشكەش كرد وەك (فاشیستی ترمان ناوێت ساڵی ١٩٧٣، هەربۆ باجدان باج نادەین ساڵی ١٩٧٥، دایە ماری گوانا جوانترە/ ١٩٧٧) ،(حیكایەتی متنگ و چەند حیكایەتێكی تر/١٩٧٨ دا و زۆر كاری تر)

لەهەشتاكانیشدا ئۆپێرای (پێكەنینێكی تاڵ)، (زەماوەندێكی كراوە)، (ئافرەتێك بە رێكەوت)، (ئەرلكینۆ) لە نمایشە هەڵكەوتووەكان بوو، لەساڵانی نەوەدیشدا شانۆیی (باباو جادووگەر) بەڵام بەناوبانگترین شانۆگەریی داریۆفۆ نمایشی (مردنی گێرەشێوێنێك بە رێكەوت) كە لە سەرەتای حەفتاكاندا نووسیویەتی و حەقیقەتی خوێنرێژیی و ستەمكاریی و گەندەڵی دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی وڵاتەكەی لە میانەی پرسێكی رای گشتییەوە بۆ جەماوەر دەخاتە روو. ئەم نمایشە بەهۆی بوێریی و پێشوازی لێكردنی گەورەی بینەرانەوە وەك زۆر لە نمایشەكانی تری بەزۆربەی وڵاتانی

ئەوروپادا گەشتی کرد و تەنانەت کاتێك لە وڵاتی ئەمریکادا نمایشکرا، ناچار بۆ یەکەمین جار حکومەتی ئەو وڵاتە لەژێر فشاری ناوەندە شانۆییەکەی ئەمریکادا ڕێگەی پێدا بچێتە ئەمریکا و بەشداری لە نمایشەکەدا بکات، بەتایبەت وەك باوە لەگشت شانۆییەکانیدا خۆی ڕۆڵی سەرەکی بەرجەستە دەکات، هەر لەو نمایشەدا و لەکاتی پێشکەشکردنیدا داریۆفۆ ڕووی لە بینەران کرد و وتی"بابەتی ئەم شانۆگەرییە لە وڵاتەکەی من ڕوویداوە، بەڵام لەهەموو شوێنێکی هاوشێوەدا ڕەنگە دووبارە بێتەوە"

شانۆی داریۆفۆ، شانۆیەکە گرنگ و بایەخداری ئەم سەردەمەیە، لە زۆر شوێنی جیهانەوە توانیویەتی کاریگەریی و ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت سەبارەت بەو پرس و گیروگرفت و ناعەدالەتییەی لە ئاکامی گەندەڵی دەسەڵات و تەنگەژەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دێتە ئاراوە، نووسینەکانی ئەم شانۆکارە لە قاڵبێکی پەخشانئامێزی درامییە و نزیکە لە شێوەزاریی میللی و دیالۆگەکان هەمیشە متوربە کراون بە ڕەزمێکی ناوەکی پڕ جۆش و خرۆش. هەرچۆن سیمای نمایشەکانی ئاهەنگئامێزە و بۆتەیەك لە دیالۆگ و سەما و گۆرانی و بەئاراستەیەکی فیکریی و پێشکەوتنخواز و ڕەخنەگرانە لەخۆ دەگرێت. گاڵتەجارییەکی مەلحەمیانە لە میانەی میتۆد بەندیی نواندنەوە وەگەر دەخات بۆ گەیشتن بە جوانکارییەکانی پێکهاتە و شێوازی نمایشکاری لە شانۆی کاباریٚ و شانۆی سیاسیدا. داریۆفۆ جەخت لەسەر تواناکانی ئەکتەر و دەنگی مرۆیی و کردەی هەڵچوون و پانتۆمایم و شێوازی ئاخافتن و دەنگبێژی دەکات، هەندێك جاریش هاوارکردن و وێنەی فۆتۆگرافی و فیلمی سینەمایی و هەر ئامرازێکی بەکەڵکی تر دەبنە کەرەستەی شانۆکەی، بەڵام بە دەگمەن لە شانۆی داریۆفۆدا ئارایشت و پرچی دەستکرد و فەنتازیای ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ و زیادەڕۆییە هونەرییەکان بایەخیان هەیە. بەڵکو پشتبەستنی بە دەنگ و جوڵەی ئەکتەر دەبنە دەروازەی ئاوێتەبوون بەشانۆی میللی، ئەو شانۆیەی گەلێك بەریەککەوتنی لەگەڵ جەماوەردا دەبێت و دەبێتە هۆکاری بزواندنی کردارە درامییەکە و دەچێتە نێو میکانیزمی بونیادنان و نووسینەوە و داڕشتنی حیکایەتە شانۆییەکە، دیارە لەشانۆی میللیشدا، دیالۆگی دووروودرێژ پەسەند نییە، بەڵکو شانۆییەکە لەچەند دیمەنێکی پێکەوە گرێدراو پێکدێت و پێکدێت و ئەکتەر چەند ڕۆڵێکی دژ بەیەك و نەگونجاو پێشکەش دەکات.

ژێدەرە گرنگەکانی شانۆی داریۆفۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ڕێنسانس و نەریتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، سوود وەرگرتنی لە دەقە میللییەکان و کارکردنیان لە ژیانی هاوچەرخدا سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێناوە، بونیادنانی نمایشەکانی داریۆفۆ لەڕێگای ستایڵی لیبوکە لە کۆمیدیای دیلارتی و شێوازی گاڵتەجاڕی نێو سێرك و گۆڕەپانە گشتییەکان و پانتۆمایم، بۆیە دیواری چوارەمی بەزاندووە لە شانۆدا، هەروەك خۆی دەڵێت "دیواری چوارەم تەنها لەنێو کتێبەکاندا بوونیان هەیە، ئێمە ئەم دیوارە دەڕووخێنین کە لە کەوانی پەردەی شانۆدا لەنێوان بینەر و ئەکتەردا لەمیانەی ئەو ساتە ئەفسووناوییە بێهۆشکەرەدا دروستی دەکات، ئێمە هەروەك برتۆڵد برێخت کەشێك دەرەخسێنین بۆ بەشداریکردنی بینەران لە نمایشەکەدا و تەختەی شانۆ و پەردەکانی سەر ئەو تەختەیە و ڕووناکییە ڕەنگاڵەییەکانی دەبەزێنین و دەچینە نێو ڕێڕەوەکانی کورسییەکانی بینەران و بە تەواوی لێیان نزیك دەبینەوە، تا ئەو ڕادەیەی بۆنی ئارەقەمان بکەن و گوێیان لە دەنگمان بێت و لەگەڵیاندا بکەوینە گفتوگۆ"

(فو) کە ڕێزێکی تایبەتی لە زیرەکی بینەر دەگرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بینەر شەریك و هاوبەشە لە کارەکانیدا و ئەکتیڤ بوونی ئەکتەر لە بەرجەستەی ڕۆڵەکەیدا پابەست و ئاوێنەی ڕادەی وەرگرتن و ئەکتیڤ بوونی بینەرانە لەکاتی نمایشدا لەڕێگای دەربڕینی هەڵچوون و پێکەنین و دیالۆگەوە.

بۆیە شانۆکەی دەباتە ناوجەرگەی واقیعەوە بۆ



چارەسەرکردنی پرسەکانی جەماوەر لە میانەی تەماشاکردنی راستەوخۆی خەڵکەوە، گروپە شانۆییەکەی داریۆفۆ زۆربەی جار رووودەکەنە کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون و گوندە تەریکەکان. لەگەڵ ئەو تەماشاکارانەدا مامەڵە دەکەن کە بە ئاسانی و راستەوخۆ ئاوێتەی رووداو و هەڵچوونەکانی کارەکتەرەکان دەبن و کاردانەوەی پڕ گوڕ و جۆش دەنوێنن، بەپێچەوانەی ئەو بینەرە هەڵبژاردە رۆشنبیرەی کە هەمیشە نارازیی و دوورەپەرێز و سارد و سڕە!

شانۆی داریۆفۆ شانۆی هەژاران و چینە چەوساوەکانە، شانۆیەکی سیاسی خاوەن هەڵوێست و دیدی رەخنەییە لە هەموو شێوازەکانی ناعەدالەتی، ئامانجی بنەڕەتی وشیارکردنەوە و هاندانە، لەو شانۆیەدا هەمیشە پرسە گەرموگوڕەکانی ژیانی خەڵك بابەت و ناوەڕۆکن.

کاتێك خەڵاتی(نۆبڵ)ی پێبەخشرا، کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. ڤاتیکان گلەیی و نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بە ئەکادیمیای سویدی دەربڕی کە ئەم خەڵاتە جیهانییە بایەخدارە پێشکەش بە (لێبوك)ێکی وەك داریۆفۆ کردووە، هەندێك لە سیاسەتمەدار و بەرپرسە گەورەکان و دادوەرەکانی ئیتاڵیاش هەمان هەڵوێستیان هەبوو، بەڵام خۆی کاتێك هەواڵی بەخشینی خەڵاتەکەی پێگەیشت، بە پێکەنینەوە وتی: ئێستا دەموچاوی پیاوانی کڵێسا و قازییەکان و سیاسەتمەدارەکانم لەبەرچاوە، چۆن گرژ و مۆنن لە ئاست ئەم تەنزەی ئەکادیمیای سویدی".

هەڵبەتە نارەزایی ئەو ناوەندانەش دەگەڕێتەوە بۆ رەوتی رەخنە ئامێزی شانۆکەی، کە بەردەوام بوێرانە دەمامکی لەرووی رەفتارە دزێو و نادرووستەکانی بواری سیاسی و

کۆمەڵایەتی و ئاینی هەڵماڵیوە.

داریۆفۆ هەردەم لەئاخافتنەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شانۆکەی (شانۆی حەقیقەتە)، حەقیقەتیش هەمیشە شۆڕشگێڕانەیە وەك رۆشنبیرەکان دەڵێن، هەروەها زبر و رەقە وەك خەڵکی رەشوو و رووت دەڵێن، بۆیە جەماوەر هەواڵی ئەو خەڵاتەی بەخۆشییەوە پێشوازی لێکرد، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت ئەکادیمیای سویدی لە بەیانی هۆکاری بەخشینی خەڵاتەکە وتی"شانۆی داریۆفۆ کەرامەتی بۆ چەوساوەکان گێڕایەوە"


سەرچاوەکان:

مسرح القرن العشرين – عصام محفوظ ، دار الفارابي، بيروت، الطبعة الاولى ٢٠٠٢.

كلمة داريوفو..ل: غويدو دافيكوبونينو– ترجمة:عبدالآلة غاوش– الفوانيس المسرحية– ٢٠٠٦.

مسرح الفقراء..جريدة الزمان الدولية،٢٠٠٧.




# رۆڵی بینەر لەشانۆ ئەزموونگەرییە نوێیەکاندا

نوسینی: د.سعید کریمی

وەرگێڕانی: یاسین قادر بەرزنجی

تێڕوانینی شانۆ ئەزموونگەرەکان، بەپێی بیروبۆچوونی فیکری وستاتیکی هەریەك لەرێبەرانی شانۆیەکان، بەرامبەر بینەر جیاوازە، چونکە رێبەرانی شانۆ ئەزموونگەرو پێشڕەوەکان شۆڕشێکی هونەریی ئەوتۆیان بەرپاکردووە کەبەجارێ چەمکی شانۆی تەقلیدییان هێناوەتە لەرزەو شانۆیەکیان هێناوەتە گۆڕێ یاخیبووە بەرامبەر شیعرو ئامێزیی شانۆی ئەرستۆیی، بەوەش چاویان گێڕاوەتەوە بەمەسەلەی پاکژبوونەوەی ئەرستۆییانە، رامانیان بەرامبەر بەبینەر لەنێوان ئاوێتەبوون و چوونە ناویەکی تەواو یان بەشێك، لەگەڵ ئاوێتە نەبوون و هێشتنەوەی ماوەیەکی پێویستدا بووە لەنێوان بینەرو شانۆدا، تاوەکو یەکەمیان بتوانێ تەتەڵەی نمایشەکەی بەرچاوی بکات و رەخنەی لێبگرێت.

بەڵام، دەبێ جەخت لەسەرئەوە بکەینەوە کەوا ئەو شانۆیانە بەپلەیەکی گەورە بایەخیان بەبینەر داوە، بەو پێیەی لایەنێکی سەرەکیی پێکهێنانی پرۆسەی شانۆییە، لەسەر هەردوو ئاستی تێوریزە کردن و پراکتیزەکردنیش جێگایەکی باش بۆ بینەر رەوا بینراوە، لەشانۆی نوێدا بینین و وەرگرتن بووەتە لایەنێکی سەرەکیی، بایەخی تەواو دەدرێتە چاوو وێنەو جەستە، ئیدی زمانی دیالۆژو ئاخافتن بابەخێکی ئەوتۆیان نەماوە، هەرچۆن لەشانۆ کلاسیکییەکاندا هەیانبوو.

بینەر ناچارکرا توانای خۆی و ئاستی رۆشنبیریی پەرە پێبدات تاوەکو بتوانێ لەگەڵ رەوتی گەشەسەندووی شانۆ ئەزموونگەرەکاندا رێبکات، دەنا بەردەوامیی نێوان نێرەر (شانۆ)و وەرگر (بینەر) کارێکی ئەستەم دەبوو.

مەبەستمانە لەم باسەدا تیستێك لەئاستی سێ نموونەی شانۆیی سەرەکیی بگرین، ئەوانیش هەریەك لەشانۆیەکانی (توندوتیژی و داستانی و هەژار)ن.

١. شانۆی توندوتیژی:

جەستەی بینەر.. تەوەری پێکگەیشتن

ئەنتۆنان ئارتۆ لەشانۆی توندوتیژیدا بایەخێکی گرنگی بەبینەرداوە، تەنانەت بینەری کردوەتە هەوێنی ئەوتوندوتیژییەی کەرووداو بەدەوریدا خول دەخوات، هەرچۆن ئەو شوێنەوارە سایکۆلۆژی و ژیری و جەستەییانە دیاریدەکات کە هاوکاتن لەگەڵ پرۆسەی تەماشاکردنی بینەردا، یان بەدوایدا دێن.

هەر لەسەروبەندی شانۆکەی (ئەلفرید جاری)دا (ئارتۆ) رایگەیاندوە ((بینەر ئیدی هامشۆی شانۆ دەکات هەروەك ئەوەی بچێتە لای پزیشکێکی نەشتەرگەر، هەمان حاڵەت و بیرکردنەوەیە، ئەو دەزانێ کەنامرێت، بەڵام دەشزانێ کەمەسەلەکە ترسناکەو هەروەها بەئاسانی رزگاری نابێت، ئەگەر فریای نەکەوین ئەوا خوار بەرپرسیاریی خۆمانین، دەبێ ئەویش بزانێ لەتواناماندایە وای لێبکەین هاوار بکات))[١]

ئەم شوبهاندنە بەدوورنییە لەرەوانبێژییەکی واتایی، بەو پێیەی کەشانۆ جێگایەك نییە بۆ خۆشگوزەراندن و کات بەسەربردن، بەڵکو هۆڵێکی گەورەی نەشتەرگەرییەو لەسەر ئاستی جیاواز ئەو کردەیەی تیادا ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بینەر بەخودی رووداوە درامییەکە رانەچڵەکێ و هەست بەبەتوندوتیژیی گەردوون نەکات، ئەوا کردەی بینینی (ئارتۆ)ییانە ئامانجی خۆی نەپێکاوە.

ئارتۆ داوا لەبینەر دەکات، قایل بێت لەدەرەوەی سنووری



هەرچۆن پێشنیاز دەکات بینەر وەك ئەو مارە وابێت کەلەگەڵ موزیکدا دەگونجێو کاردانەوەی بۆی دەبێت، سەبارەت ئەوەش گوتویەتی ((پێویستە مامەڵەی بینەر هەروەك (مار) بکەین، کە بەئەفسوونی خۆمان لەڕێی جەستەیەوە شەتەکی بدەین، کەواتە بینەر لەشانۆی توندوتیژیدا وا لەناوەنداو نمایشەکەش بەچواردەوریدا ئەنجام دەدرێت)) [٢]

ئەو رێکخستنەوە نوێیەی پانتایی شانۆکەی (ئارتۆ) دژ شانۆو گۆڕانێکی رەگو ریشەیی بووە لەسەرجەم لایەنە هونەریو هزریوئایدۆلۆژییەکانی شانۆدا، بەوەرگرتنیشەوەو ئەو رۆڵە پێشڕەوانەیەی کەپێویست بووە بینەر لەنێو پانتاییە شانۆییەکاندا هەیبووبێت.

پێشنیازی دەکات جۆرێك لەپەیوەست بوون و یەکگرتنی نێوان ئەکتەرو بینەر دێنێتە دی و چی سنوور هەیە دادەڕمێ، بەوەش جەستەی ئەکتەر دەبێتە تەوەری دروستکردنی روانین و پێگەیشتنی لەهەمانکاتدا، بوونی بینەر لەناو دڵی رووداوەکاندا لەڕێی سڕینەوەی تەختەی شانۆوە، کاریێ دەکات خودی ئەو بینەرە ببێتە ئەکتەرێکی نایاب، هیچ بەربەستێ لەنێوان ئەو و ئەکتەرەکاندا نامێنێ.

کەواتە پێویستە بینەر بچێتە ناو گەمە شانۆییەکەوە دەنا وەك بووکەڵەیەك لەبورجی عاجەوە دەڕوانێتە رووداوەکان بێ ئەوەی هیچ توانایەکی هەبێ بۆ دەوڵەمەندکردنی راوانینەکەی لەگۆشە نیگای جیاوازەوە، بەڵام شێوەی بازنەیی پانتاییە شانۆییەکە کە گەمەکەی تیادا نمایش دەکرێت وا دەکات ئەکتەرەکان بەچواردەوریاندا بینەری بێ، لەگۆشەی جیاوازییەکی هۆڵەکەو، بەمەش پرۆسەی پەیوەندیی و ئاوێتەبوون، یان جووتبوون (الاندماج) لەنێوان نێرەرو وەرگراندا ئاسان دەبێ و بەوەش ((شانۆ دەبێتە ئاهەنگێکی بەکۆمەڵ و تیایدا ئەکتەرو بینەر هێندەی یەك بەشدار دەبن تیایدا))[٣]

ئارتۆ جەخت لەسەر شڵەقاندنی هۆش و بیرکردنەوەی بینەر دەدات زیاتر لەوەی هەندێ زانیاری پێ بدات، چونکە مەبەستێتی بەرەو رەوشێکی پەلکێشکردنی ببات، کەتیایدا رۆڵی هۆشداری و لۆژیك باڵا بەسەر شانۆکەدا بکێشێ و وەك ئەوەی کلینیکیك بێ بۆ چارەسەری نەخۆشییە گەردوونییە سەختەکان، (جون جاك روبین) دەڵێت ((من شانۆکەی ئارتۆ وا دەبینم، کەبینەر تیایدا لەحاڵەتی راکێشاندا بێ، تەنانەت میتۆد، سروتێکی ئاهەنگسازیی بەسەردا دەچەسپێ، شانۆ توندوتیژیی بەهۆی بەهێزیی خۆیەوە وەك تەنیا رووداوێك خۆی دەسەلمێنێ))[٤]

ئەگەر بیرتۆلد برخێت ئامانجی بەندکردنی واقیع بووبێ بەمەبەستی گۆڕینی لەڕێی ستراتیژی وەرگرتنەوە، تاوەکو بینەر ببێتە خاوەنی رۆشنبیرییەکی رادیکاڵانەی بەبۆژوازیەت، لەکاتێکدا هەن جێماوی روانینی شانۆی توندوتیژی لەپاکژبوونەوی ئەرستۆییانەدا دەبینینەوە، بەڵام لەراستیدا جیاوازیی گەورە هەیە لەنێوان ئەو پاکژبوونەوەیەو پاکژبوونەوەی ئارتۆییدا، ئەوەش لەلایەن (فرانکۆ تۆنیلی)یەوە جوان روونکراوەتەوەو کاتێ گوتویەتی (( دیاردەی پاکژبوونەوەی لای ئارتۆ ئامانجی رزگارکردنی بینەر نییە لەهەندێ هەڵچوونی بنچینەیی وەکو ترس و بەزەیی، بەڵکو بەساکاریی پاکژبوونەوە لای ئەو هۆشدارییە بەرامبەر ئەو هێزانەی تارادەیەك هەستیان پێدەکەین، هەروەها ئاشکراکردنی (من)ی کۆ، کەئەوەش لەخۆیدا دەبێتە سەرەتایەك))[٥].

ئارتۆ گەیشتۆتە ئەوەی کەپێویستە شانۆ تراژیدیا باشترین حاڵەتیدا دروستبکات، بەشێوەیەك نەچێژو نەخۆشیی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو بەتەنیا بریتی بێت لەئازارو شپرزەیی و توندوتیژی.

ئەمەش ئەو واتایە دەگەیێنێ کەشانۆی توندوتیژی داوای رێکخستنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی بینەر دەکات، ئەو بینەرەی بەکاربەری هەموو دەرهاویشتەکانی شانۆ کلاسیکییە کۆن و بێ فەڕەکان بووە.

٢. شانۆی داستانی:

گۆڕین لەجیاتی پاکژبوونەوە:

ئەگەر شانۆیی ئەرستۆیی سێبەری چڕپڕی خۆی لەسەردەمە جیاوازەکاندا بەسەر هونەری شانۆدا کێشابێ، ئەم حاڵەتە لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری ئیستاتیکی شانۆیە ئەزموونگەرەکاندا رەویوەتەوە، بەتایبەت شانۆی هاوچەرخی بیرتۆلد برێخت، ئەو شانۆ داستانییەی بووەتە خاڵی وەچەرخانی گەورەی مێژووی رۆژانەی خۆی رێبکات و بچێتە ناوچەی نوێوە، چونکە پێشنیازی شانۆیەکی بۆ دەکات جیاواز لەشانۆ سایکۆلۆژییەکان کەلەسەر بناغەی دیالۆژی پڕوپوچ و قسەی هەرزان دامەزراون.

بۆ پێگەی گرنگی بینەر لەئەدەبیاتی (برێخت)دا گوتەیەکی خۆی دێنینەوە کەتیایدا رایگەیاندووە ((شانۆ بەبێ بینەر شتێکی بێ مانایە... کەواتە شانۆکەی ئێمەش بێ مانایە گەر پەیوەندیی بەبینەرەوە نەبێت،

ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەتا هەنووکە شانۆ نازانێ ئەرکی خۆی چییە))[٦]

هەرئەوەش بووە وای کردووە برێخت لەبیری شانۆی ئەرستۆیی شانۆیەکی شۆڕشگێر هەڵبژێرێت کەهاوئامانجی وەرچەرخانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا نوێیەکان بێت.

ئەو پەنای بردە بەر مارکسیزم وەك ئاراستەیەکی هزریو ئایدۆلۆژیی، لەگەڵ ماتریالیزمی دیالیکتیك وەك پرۆگرامێکی زانستیو مێژوویی.

برێخت شانۆی کردە ئاوێنەیەك بۆ نیشاندانەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکانو دەرخستنی هەموو ئەو دەلاقانەی لەنێوان چینە بۆرژواکانو چینە کۆمەڵایەتییە بێبەشەکاندا هەبوون، لەبیری بووە پەیامی ئاشکرای خۆی ئاراستەی بینەری نامۆ بکات لەنێو (ئەفسانە)ی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا سەرمایەدارە بەکاربەرەکاندا، بەمەبەستی خستنەکاری هۆشیان بۆ قوتاربوون لەو نامۆبوونە، ((روانینی برێخت بۆ مێژوو تەواو جووتە لەگەڵ ماتریالیزمی مێژووییدا، گرفتی نامۆبوونیش وەك خاڵی دەستپێك بەکاردێنێ))[٧]

نامۆبوون Distanciation یان (نامۆکردن) بەسادەترین واتای کردنی شتە باوەکانە لای بینەر بەشتی نامۆو شاز، هاوکات کردنیان بەسەرچاوەی پرسیارو شوێن کەوتن، بۆرژواو چینە حوکمڕانەکان شتی یەکجار سادەو ساکار پێشکەش بەبینەر دەکەن، بەڵام لەراستیدا شتی تەمومژاویو پێچراوەنو لەدووتوێیاندا ئایدۆلۆژیای دژبە خواستی جەماوەری زەحمەتکێش هەن، بەهۆی



(نـــامۆبوون)ەوە کـــە داوای ڕاگرتنـــی ڕووداو دەکـــات لەدرێـژەی گێڕانـەوە شـانۆییەکەدا، بینـەر هۆشـی خـۆی دەخاتـە کـار بۆ لابردنـی هـەر دەمامکێ کـە هەرچییەکی پۆشـی بێـتو ڕەخنـەگرتنو گەیشـتن لـەماناکان، بـەدوور نزیکیانـەوە، هەرچـۆن سـوودبەبینەر دەگەیـەنێ بـەهۆی شانۆ داستانییەوە لەڕێی بەخشینینی خۆشیو چێژەوە، بەڵام هەروا چێژێکی هەرزانو پڕوپووچ نییە.

لـەزۆر جێگـای (ئۆرگـانونی بچـکۆلە)ی برێختـدا ئەمانـە باسـکراون، بـۆ نموونـە دەیـەوێ شـانۆ چێـژ بداتـە چینـە هەژارو بێ بەشەکان، بەوەش ((بوونیادی کۆمـەڵگا دەنرێ لەسـەر بناغەیـەك لەچـێژی ئـەو حیکمەتـەی چارەسـەری گرفتـەکان دەکـەن، هـەروەها لەسـەر بناغـەی تووڕەبوونێك کەدەکرێ لەئاقاریدا بـەزەیی بەرامبـەر چەوساوەکان بێتـە گـۆڕێ، لەگـەڵ ڕێزگـرتن لـەئادەمیزادو خۆشەویسـتی مرۆیی))[٨]

شانۆ لەدوا ویستگەی خۆیدا بەتەنیا پانتاییەکە خەڵکی ڕووی تێدەکـەن بـۆ شـکاندنی تـەوقی سسـتی ژیـانو چـێژوەرگرتن لـەو نمایشـانەی کەتیایانـدا هونـەر دەبینن‌ومایەی خێرن بۆ چارەسەری واقیعێکی تاڵ، ئەو شانۆیەش کەنـەتوانێ چێژ بـەخش بێـت بـۆ بینـەر دەبێ چاوی پێدابخشـێنرێتەوە، چونکە ژیان خۆیشی لەسـەر جوداوازییـەکانی نێـوان جددییـەتو گاڵتـە دامـەزراوە، ئەگـەر ئـەو ناکۆکییـەش نەبووایـە ئـەوا ژیـان نـەدەبووە خاوەنی ئەفسوونو هێزە حەشاردراوەکانی خۆی.

دەبێ پـێ لـەوە بنـێین ئـاڵۆزیی لـەوەرگرتنی شـانۆییداو جێماوەکـانی ئـەو دیاردەیـە لـەدوای (ئەرسـتۆ)وە هـیچ کەسێ بەوێنـەی (برێخـت)و شـانۆ داسـتانییەکەی تێیـان نەڕوانیوە.

ئـەو بینـەری کـردە هـەوێنی سـەرەکیی شـانۆکەی، پاکژکردنەوەی کردە گۆڕان، وایکرد بینەر ببێتـە خـاوەنی واقیعو کاریگەر لەسەری، بەوەش وایکرد بینەری ڕاماوی ببنـە وەرگرێکـی ڕەخنـەگرو گفتوگۆکـەرو ئاگـادار لـەو واقیعەی دەبێ لەڕێی نموونەی گریمانەییەوەکە لەشانۆدا دەیبینی، بگۆڕێت.

برێخت مەبەستی بوو شانۆو هۆڵەکەی پێکەوە بنو دابڕاو نەبن، هەر بۆیە (دیـواری چـوارەم)ی داڕمـان تـا پەیوەنـدی نێـوان ئەکتـەرو بینـەران پتـەوبێت، ئـەو بینـەرەی نابێ لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا جووت بێ، بەڵکو بەئاگابێو شوێن ڕووداوەکان بکەوێ بەهۆی هۆشیەوە، نەك سۆزو دڵیەوە.

٣. شانۆی هەژار:

بینەر بناغەی کردەی شانۆییە

جێـرزی گرۆتۆفسـکی یـەك لـە کەڵـە هونەرمەنـدەکانی ئەزموونگـەریی شـانۆییە کـەوا کـاری کـردووە بـۆ هەڵوەشـانی جێمـاوە شـانۆییە جێگرەکـان، بـەهۆی ڕۆشـنبیریی فـراوانو قووڵیـەوە توانیویـە چاو بەچـەمکی شـانۆو سـەنگیو ئەرکەکانیـدا بگێڕێتـەوە، ئـەنجامی توێژینـەوەکانی لـەدایکبوونی شانۆیەك بوو کە نـاوی نـا (شانۆی هـەژار)و بەپلـەی یەکـەم جەختـی لەسـەر ئەکتـەرە بـەبێ لـەبیرکردنی بینـەرانی شـانۆ، بـەڵام هـەموو پێکهاتـەکانی دیکـەی شـانۆ لای ئـەو لـە تواناداببووە دەسـتیان لـێ هـەڵبگیرێت، بەتێکسـتی شـانۆییو کەرەستەکانی سنیوگرافیاشەوە، چونکە ((ڕازی بوون بە هـەژاریی شـانۆو ڕوونکردنـەوەی لەهـەموو شـتێك دەمانباتەوە بۆ بنەماو سەرچاوەکانی یەکەمی شانۆ))[٩]

لەبەرئـەوەی گەڕانـەوە بـۆ سـەرەتاکان داخـوازیی گـەورە شانۆکارە پێشڕەوەکان بووە، هـەر بۆیـە لای گرۆتۆفسکی گەیشتن بەو مەبەستە داماڵینی شانۆ بووە لەکەرەستەو دیکـۆرو تەواوکـەرەکان کەبـەلای ئـەوەوە ڕوویـەکی ناڕاستەقینەیان دەدایە شانۆ.

ئـەو مەبەسـتی بـووە جـەخت لەسـەر پەیوەنـدیی دیـالیکتێکی نێـوان ئەکتـەرو بینـەر بکـات، لـەپێناوی هێنانەدیی کردەی بەشانۆیی کردنـدا، کریستیان جیلـو ئـەو پەیوەندییـە لەشـانۆی هـەژاردا لەپەیوەندییـەکی ماتریـالی- مازوشـیدا دەبینێتـەوە، چـونکە ئەکتـەر لەلایەکەوە بەدەست ئازارەکانیەوە دەناڵێنێ و لەلایەکی دیکەشـەوە چێژ لەچالاکییەکەی وەردەگرێت، هەرچۆن لەلایـەکی تریشـەوە بینـەر چێژ لـەو ئازارەی بەرچاوی

دەبینیٚ، چونکە لای ئەو پەی بردنە بەهێزەکانی ناخ و رزگاربوون لەهەر شتێ کەڕەنگە بیخنکێنێت[١٠]. ستاتسکای شانۆی هەژار پانتاییەکی دیکەی شانۆیی هێنایە ئارا، جودا لە (قوتووی ئیتالی)، لەودیوەو لەپێناو پاڵنان بەبینەرەوە بۆ جووتبوونی تەواو لەگەڵ ڕووداوەکانداو بەشداریی ویژدانیی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا، گرۆتوفسکی داوایدەکرد نمایشی کارەکانی لەژوورێکی





ئاسابیدا بێ کە هیچ دابڕانێك نەبێ لەنێوان نێرەرو وەرگراندا، تا ئەو بەردەوامییە گەرموگوڕو راستەوخۆیە لەنێوان هەردوولادا بێتەدیی بەبێ هیچ بەربەستێك، گرۆتوفیسکی دەڵێت ((دەبێ دوورایی نێوان ئەکتەرو بینەر نەهێڵین، ئەویش بە نەهێشتنی سەکۆی شانۆو لابردنی هەموو سنوورێك، لێگەڕێ باتوندوتیژترین دیمەن رووبەڕووی بینەر رووبدات لەیەك باڵی نێوان خۆیو ئەکتەرەوە بابینەر بتوانێ هەست بەهەناسەکانی ئەکتەر بکاتو بۆنی ئارەقەشی بکات، ئا ئەمەیە پێویستیی هێنانەکایەی شانۆی ژوور فەرز دەکات))[١١].

چیدی چەمکی تەختەی شانۆ بوونی نامێنێ، چونکە گەمەکە لەنێو ژوورێکدا ئەنجام دەدرێت، بوونی ئەکتەر لەتەك بینەردا هۆکاری ئەو نزیکیو تێکەڵبوونەوەیە کەئەنجام رۆڵی دەبێ لەسروتئاسایی نمایشداو هێنانە ئارای کەشێکی ئەفسووناویی، پیتەر بروك رای وابووە کەمەبەستی گرۆتۆفسکی تەنیا ٣٠ بینەری لەنمایشەکانیدا بانگکردووە، چونکە ((ئەو باوەڕی وابووە کەگرفتەکانی ئەکتەر لەوە قورسترن بواری بدەن بیر لەبینەری زۆرتر لەو ژمارەیە بکاتەوە))[١٢].

دەشێ بۆشایی پانتایی شانۆ لای گرۆتۆفسکی لەئارەزوویەوە بووبێت بۆ بەرچاونەگرتنی بینەران، هەرچۆن نمایشەکانی بۆ ژمارەیەکی سنووردار لەبینەران کە بە (دەستەبژێر) ناویدەبردن لەوەوە بووەکە ئەو ژمارە بینەرە پەیوەست نەبوون بەهیچ پێوەدانێکی ئابووریی، یان کۆمەڵایەتی، تەنانەت رۆشنبیرییەوە، چونکە مرۆڤی سادە کەلەهەگبەکەیدا پووڵو رۆشنبیریی شك نابات دەتوانێ سەربکات بەشانۆیەکی هەژاردا، (کریستیان جیلو) ئەم خاڵە وەهاشیدەکاتەوە ((شانۆکە بۆ

دەســـــتەبژێربووە، چـــونکە ئاڕاســـــتەکاری گروپـــــی دیاریکراوی خەڵك بووە، ئەوانەی هەستدەکەن ئەو بینین و ئاشکراکردنە کارێکی پێویستە))[١٣].

ئەو مەرجەی بۆ بەشداریی هەر کەسێ بووە وەك بینەر لەشانۆکەی گرۆتۆفسکیدا، ئامادەباشیی بووە بۆ لەنێودا ژیانی سرووتێکی شانۆیی و ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی بـــووە، کاتــێ بینـــەر لەرەگــەزێکی هەڵچـووەوە دەبێتـــە رەگەزێکی بکەرو کارا واتە دەگەڕێ بەشوێن شێوەی نوێ بــۆ وەرگــرتن و بەشــداریی، شــانۆی هــەژار شــانۆیەکە عــەودالّی خاوێنیـــە، گرۆتۆفســـکی دەڵێـــت ((ئێمـــە خۆشگوزەراندن پێشکەشی کەسێ ناکەین کەبچێتە شانۆ بــۆ دابینکردنـــی پێویســـتیەکی کۆمەڵایـــەتی کـــە ئـــەو دابینکردنـــە دەخـوازێ بـەر رۆشـنبیرییەك بکـەوێت، ئێمـە بینـەرێکمان لا گرنگە کەپێویستی رۆحیی هـەبێ و لـەڕێی رووبەڕووبوونـــــەوەی شـــــانۆوە خـــــودی خـــــۆی شیبکاتەوە))[١٤].

بینــەر گــەر هەسـت بەپێویسـتی جووتبـوونی بـێ قەیـدو شــەرت نــەکات لــەنێو نمایشــی شــانۆییدا، ئاگاتــە ئــەو ئاســـتەی هۆشـــیاریێ بەرامبـــەر بایـــەخی شـــانۆو رۆڵـــی لەپاکژکردنــەوەی رۆحـداو بەخشـینی وزەیــەکی چالاکی نوێ بەو رۆحە، هەروەها ناتوانێ تێکەڵ بەو ریسە ئاڵۆزە بێـــت، گـــەروا نـــەبێ ئـــەوا ئاگـــای لـــەو پەیوەندییـــە دیالیکتیکیــەی نێــوان خۆی‌ــو رۆح نابــێ بــۆ پارســـەنگ راگرتن لەسەر هەموو ئاستێك.

**پەراوێزەکان:**


1- A. Artaud: Oeuvres Completes. II. Gallimard. 1976.p,17.
2- A. Artaud: Le theartre et son double. Gallemard. Paris 1964. p 126.
3- Gerard Durozoi: A. Artaude I alienation et la folie. Larousse. Pris. 1992,p, 148.
4- J.J. Roubine: introduotion aux grandes theories du theatre. Bordas. Paris. 1990. p,150.
5- Franco Tomelli: lesthetique de la cruaute. Ed.A.G.N. Nizet paris. 1972.p.43.

٦- برتولـد بريشــت، نظريــة المســرح الملحمــي، ت: جميل نصيف، عالم المعرفة، بيروت، ص/٢٨.

٧- احمد العشري، مسرح برتولد بريشت بين النظرية الغربية والتطبيق العربي، عـالم الفكـر، م٢١، ع٣، ١٩٩٢،ص١٨.

٨- برتولـــد بريشـــت، نظريـــة المســـرح الملحمـــي، ص٣٣٥.

٩- جـــيرزی جروتوفســـكي، دروس مـــن مســـرح جروتوفســكي التجــريبي، ت: هنــاء عبــدالفتاح، مطابع الآثار المصرية، ص٢٨.

10- Cristian Gilloux: le theetre face anous “in”. planetplus. Fevrier. Paris,1976, p:32.

١١- جـيرزی جروتوفسـكی، نحـو مسـرح فقـير، ت: كمـال قاسـم نـادر، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، بغداد، ص٤٠.

١٢- بـيتر بـروك، المســاحة الفارغـــة، ت: فـــاروق عبدالقادر، كتاب الهلال، ١٩٨٦،ص ٩٧.

13- Cristian gilloux. Jerry Grotowsky. Planete plus. Op.cit.p.35.

١٤- جيرزی جروتوفسكی، نحو مسرح فقير،ص٣٨.


سەرنج: سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لــە بابــەتی (التلقـی المسـرحی فی المسـارح التجریبیـە الحدیپـە)ی د. سعید کریمی لەماڵپـەڕی (منتـدیات اتحـاد کتاب الانترنت العرب).

ق. بەرزنجی.

# بنەماکانی هونەری نواندن

نوسینی: جەلال شەرقاوی

وەرگێرانی: یوسف عوسمان

نوسەری ئیتالی لویجی براندیللۆ دەڵێت: شانۆ کردەیەکی پڕ داهێنانەو ئەکتەر پێی هەڵدەستێت، هێزی سەرەکی لە بیروهۆشی ئەکتەر دایە، ئەو دروستکەرو نیشاندەری ئەو کەسایەتییە کە بینەر پێی کارلێکراو دەبێت، بەڵام ئەو کەسایەتیەش ناتوانێ بەتەنیا لە بۆشاییەك بژیت، بێ کەسانی ترو کەل وپەلە پێویستیەکان ئەوەچی باری دیکۆر وجل وبەرگ وپێویستیەکانیتر ئێکسواروِ ڕەنگ وڕوناکی، بێگومان ئەوانەش بەهۆی کەسێکیترەوە ئامادە دەکرێت ئەو کەسەش دەرهێنەری شانۆگەریەکەیە، کە ئیشی دەرهێنەر واتە ئامادەکردن وجوانکاری کردنی کارە لەیەکەیەکی گونجاوو گەیاندنی بینەر، ئەوەی لەسەر ئێمەدا لێرەدا ئەکتەرو کاری ئەکتەرە، ئەکتەریش هەروا بوونەوەرێکی ئاسایی نیە، لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئەوە بزانین کە ئەکتەر لاسایی ژیانی خەڵك دەکاتەوە لەبەر ئەوە خۆی هونەر بریتیە لە لاسایی کردنەوەی سرووشت، هەروەك چۆن ئەرستۆ لەهونەری شیعر پێناسەی دەکات: هونەر بریتیە لە لاسایی کردنەوەی سرووشت، بەڵام بەشێوەیەکی فۆتۆکۆپیانە نا مەبەست لە فۆتۆکۆپیانە ئەم وانانەیە یاخود ئەو شێوازەی کە ئێمە وەکو هونەرمەندانی شانۆ باسی لێوە دەکەین بەدرێژایی ئەم پێنج ساڵەی خوێندن لەسەری دەڕۆین.

بێگومان ئەم کارەی ئەکتەر هەر ئەوەندە ئاسان نیە، چونکە ئەو کەسەیە کە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی جیاوازە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئەو ئەرکانە بزانین کە لەسەر ئەکتەرەو دەبێت جێ بەجێی بکات، واتە ئەرك و پێداویستیەکانی:

–دەبێت تا ئەو پەڕی لەو کەسایەتیە نزیك کەوێتەوە کە ڕۆڵی دەگێڕێت.

–دەبێت نزیك بوونەوەکە خزمەتی دەقەکە و بیری دەرهێنەرەکە بکات.

–پێویستە ڕەنگدانەوە لای بینەر دروست بکات.

–لەشانۆگەریەکە بگات.. واتە ئامانجەکانی چیە؟

–لەکەسایەتیەکە بگات.. واتە بزانێت کەسایەتیەکە چی دەکات؟ بۆ دەیکات؟ گەر بیکات چی ڕوو دەدات؟ بۆ ئەمەش پێویستی بەم پێویستیانە دەبێت:

–ڕەگەزە ناوەکیەکان (هەست وسۆزو کردە ناوەکیەکان)

–کردە دەرەکیەکان (شێوە، لەش ودەنگ) بێگومان ئەم لایەنەی دوایی دەبێتە تەواکەری ڕەگەزە ناوەکیەکان.

لێرەدا بەر لەوەی بەدرێژیی بچینە ناو بابەتەکانی ئەکتەرو نواندن، چاغوێکی خێرا بە مێژووی ئەم هونەرە دەهێنین و لەسەرەتاکانی سەرهەڵدان وکارکردنی دەدوێین.

## نواندن لەسەردەمی گریك

بەر لەهەموو شتێك دەبێت ئەوە بڵێین کە شانۆی گریکی لەشوێنێك پێشکەش دەکرا، شوێنی ١٧٠٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠٠ کەس وەك بینەر دەبوَوە، هەر لەبەر ئەمە دەبوایە ئەکتەر جەخت بکاتە سەر چەند لایەنێك وبەس، گرنگترین لایەنیش دەنگ بوو، ئەویش دەبێ دەنگێکی بەهێزو دەربڕبێت، ئەو کاتە نواندن بەهیچ شێوەیەك پشتی بە هێماکانی دەم وچاو نەدەبەست، چونکە هەموو کات ڕووی ئەکتەر لەژێر ڕووپۆش شاردرابۆوە، بۆیە گرنگی زۆر بە دەنگ دەدرا بۆ ئەوەی بگات، بۆ ئەم مەبەستەش ئامێری شێوە ڕەحەتیان بەکار دەهێنا، کە

دەتـــــوانین
ئـەمڕۆ نـاوی
لێبـــــنین
ئـــــامێری
هـــــەوایی..
ئەکتـــــەری
یۆنـــــانی
پێویســـــتی
بـەوە نـەبوو
لەکەسـایەتی
بکۆلێتـــەوە،
چـونکە یـەك
نـــــەمت و
شێوەو قالبی
هـــــەبوو
لەهـــــەموو
نمایشـەکاندا
، ئەرســـــتۆ
لەهونـــــەری
شـیعر دەڵـێ:
لـــــەنێوان
نووســـــەرە
خـــــاوەن
بـــــەهرەکان،
ئەوانـــــە
جـــــوانتر
وێنـــەکانیان
دەکێشـا کـە
خۆیـــــان
لەکارەساتەکا
نـدا واتـــە
کارەســـاتی
دەقـــــەکان
ئاگـــــادار



بوون، بێگومان ئەکتەریش بەهەمان شێوە.

مێژوو دەگێڕێتەوە گوایە (پۆلس) کە زۆر کەس بە باشترین ئەکتەر ناوی بردووە لە سەردەمی خۆی، کە ڕۆڵی ئەلیکترای دیووە، لەناو قەبر ئەم جەرەی دەرهێناوە، کە خۆڵەمێشی کوڕەکەی تیا بووە، وا باسی دەکەن وەك ئەوەی تەرمی ئۆرستی کوڕی لەباوەش کردبێ، کەواتە ئەم ئەکتەرە خۆی وا نیشان نەداوە کە خەفەت دەخوات، بەڵکو بەشێوەیەك کارەکەی کردووە کە باوەڕ پێکراو بێت، هەر لەم بارەیەوە ئەفلاتوون کتێبی ئەیون دەڵێت: مرۆڤ ناتوانێ ببێت بە گێرەرەوەیەکی (ئەکتەر) باش ئەگەر بێت ولەمانای نوسەرەکە نەگات، لەشوێنێکیتر دەڵێت: بۆ ئەوەی ئەکتەر ئەو شتە بەرجەستە بکات کە نوسەر وتوویەتی دەبێت هەست بە شێوەیەك لە شێوەکان وچۆنیەتی داڕشتنی کەسایەتیەکە بکات.لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەکتەرو نواندن لەسەردەمی گریك زیاتر گێڕانەوە بوو لەوەی کە نواندن بێت بەو بارودۆخ وزانیاریانەی ئەمرشۆ لە مەیدانی نواندن هەن، بەڵام دەبێت ئەوە بوترێ گریك لە ڕۆژگارێکدا هەبوون کە تا ئەمڕۆش بە پێشەنگی شانۆو سەرهەڵدانی شانۆ دەژمێردرێن و هەموو میللەتان قەرزار باری ئەوان لە شانۆ.

## نواندن لە شانۆی ڕۆمانی

١- نواندن لەسەردەمی ڕۆمانیەکان بەبێ نرخترین پیشە دادەندرا، ئەکتەرەکان بریتی بوون لە ئەکتەرە گەڕۆکە بێ شوێنەکان لەچینی خوارووی کۆمەڵ و کۆیلەکان وسەماکەرەکان ویاریکەری سەر پەت.

٢- ئەکتەری ڕۆمانی گرنگیان بە بیرۆکەی نوسەر نەئەدا ونەیاندەگەیاندە بینەر، بەڵکو خەمی هەرە گەورەیان ختوکەدانی بینەر بوو بەهۆی نوکتەو قسەی بازاری گاڵتەجاری.

٣- نواندنی شانۆی مەرگەساتی بەتەواوی بێ مانا بوو لای ڕۆمان، ّم لایەنە کۆمیدیاکەی تاڕادەیەك کاری کردبووە سەر پیاو ماقوولان و بازرگانەکان.

٤- ڕۆمانیەکان جەختیان خستەت سەروێنەی ئاشکرای ڕوو لە نواندن، بەلای ئەوانەوە وێنەی کەسەکان لەکاتی جولەو بینینیان هیچ کەمتر نیە لە گوێ لێبوونیان، بۆیە لابردنی ڕوو پۆشیان بەکارێکی باش دانا، لەبەر ئەوەی ڕووی ئەکتەر بەهۆی جەلەو دەربڕینەکان کاریگەری زیاتری دەبوو لەسەر دەروون.

٥- ئەکتەر دەبوایە فێری هونەری بۆکسبازی وزۆرانبازی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت یاری بە لەشی خۆی بکات، بەشێوەیەکی جوان بەکاری بێنێت.

## ٦- لەکتێبی دامەزراندنی گوتار (کۆنتیلیان) وا بە ئەکتەر دەڵێت:

-دەنگ پێش هەموو شتێك سەرنج ڕادەکێشێ لەبەر ئەوەی تاکە هۆیە لەنێوان ئێمەو گوێگر، لەبەر ئەوەی بانگی بیر دەکات، بۆیە دەبێ بەشێوەیەك خۆی ڕابێنێت کە بەپێی پێویستی ماناکە قسە بکات بۆ ئەوەی کار لە گوێگر بکات

-ئەکتەر دەبێ بزانێت کەی هەناسە دەدات و وەری دەگرێتەوە، کەی لەکوێ لە قسەکردن دەوەستێ و دەست پێدەکاتەوە، واتە تا مانای ڕستە تەواو نەکات نەوەستێ، کەی دەنگ بەرزونزم دەکاتەوە، کەی بە پەلەو بەهێواشی قسە بکات.

-پێویستە لەساردی دوور کەوێتەوە وئاگاداری ڕیتم بێت




وجەخت بخاتە سەر ووشەی پێویست، بۆ ئەوەی بتوانێت مانای زیاتر بە ووشە بدات، ئەکتەر بەمجۆرە زیاتر کار لەهەست دەکات، بۆ ئەوەش ئەکتەر بە باشی ئەم خاڵانە بپێکێ ئەوە پێویستە لە دەق بگات، واتە بزانێت چی دەخوێنێتەوە، دوای ئەوە ئەکتەر دەگات بە دەست نیشان کردنی کەسێتیەکە گێڕانی دەورەکە، بەر لەوەش دەبێ پرسیارێك لەخۆی بکات.. بۆ؟ کەی؟ چۆن؟ لەکوێ؟ ئەو پرسیارانە واتە دەبێ زانیاری لەسەر کات وشوێن وپەیوەندیەکان لەگەڵ کەسەکان بزانێت.

–ئەکتەر دەبێت بۆ گەیاندنی هەڵچوونەکانی بۆ بینەر بەهۆی هەڵچوونەکانی خۆیەوە بێت، بەمانایەکیتر بەر لەوەی ئەکتەر بیەوێت من بگرێنێت دەبێت خۆی هەست بە خەم بکات.

## نواندن لەسەدەی ١٥و١٦ دا

–ئەکتەر بریتی بوون لەکەسانی شێوە گاڵتەجارو فاسق لەتیپی بچووك پێك دەهاتن، هەندێ کات ئافرەتە سۆزانی و لەشفرۆشەکان بەشدار دەبوون بۆ گێڕانی ڕۆڵی ئافرەت، بەکولە مەرگی دەژیان بەهۆی ئەو هەموو باجی کەنیسەو دەوڵەت دەیخستنە سەر.

ئەکتەرو دەرهێنەری ئیتاڵی (لیۆن دی سۆمی ١٥٢٧-١٥٩٢) چوار بەشی لەسەر شانۆ وبابەتەکانی شانۆ نووسی، لەبەشێکیان بەم شێوەیە باسی نواندن

دەکات:

-دەست نیشان کردنی دەقێکی باش گرنگترە لەدەست نیشان کردنی ئەکتەری باش.

-پێویستە ئەکتەر ماوە بە بینەر بدات بۆ ئەوەی چێژ لە ووشەکانی نوسەر وەربگرن ولەهێماکانی بگەن.

-پێویستە ئەکتەر هەوڵی ئەوە بدات تابۆی دەکرێت وا لەبینەر بکات، کە ئەوەی لەبەرچاوی ڕوو دەدات ڕاستیە، بەشێوەیەك بینەر هەست نەکات ئەوەی لەبەرچاوی ڕوو دەدات نوسەرێك نوسیویەتی.

-ناتواندرێت ڕێساو ڕێزمان بۆ چۆنیەتی نواندن دابندرێت گەر خۆی سرووشتی نەبێت، (ئەم خاڵە ئەمرۆ پێچەوانەیە)

-پێویستە ئەکتەر شێوازێکی جوان وڕێکوپێکی هەبێت لەدوان پڕ بێت لە هەست وسۆز بۆ ئەوەی بینەر تووشی بێزار بوون نەبێت.

-پێویستە ئەکتەر وەك ئەو قوتابیە نەبێت کە لەبەردەمی مامۆستاکەی پارچەیەکی لەبەر کراو دەخوێنێتەوە.

-پێویستە دەنگ لەگۆڕان دابێت وکارلێکەر بێت.

-لەبەر ئەوەی هێزی ووشە لەوانەیە نەگات بەهێزی دەربڕین بەڕوو، لەبەر ئەوە لەسەر ئەکتەر پێویستە ئەو هێماو دەربڕینانە بکات کە کاریگەربن لەسەر بینەر.

## نواندن لە کۆمیدیای دیللارتی سەدەی ١٦تا١٨

ئەکتەرانی ئیتاڵی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەکارلێکردن لە بینەری ئەوروپی، بەتایبەتی بینەری ئیتاڵی وفەرەنسی بۆ ماوەی دوو سەدە لە ١٥٢٥ تا ١٧٢٥ تیپەکەیان پێك هاتبوو لە دە تا دوانزە ئەکتەر، ئەم تیپە بەم کۆمەڵە ئەکتەرەوە لە نوسەر دوور کەوتنەوە بەهۆی ئەو ڕێبازەی کە گرتبوویان ئەویش نواندن لەڕێگای لەبەرخۆ ووتنەوە ولەبەرخۆ ڕێکخستن بوو (ارتجال) وای لە بینەر دەکرد لەپێکەنیندا نوقم بن بۆ ماوەی سێ کاتژمێژ، ئەکتەرەکان هەموو ڕێکەوتێکیان دەقۆزتەوە وبابەتی خۆیانلێ دروست دەکرد، بابەتەکانی خۆیان لەڕووداوە ساتیەکان ولە کۆمەڵ وتەنانەت لە ڕەنگی ئاسمان وئاو وهەواش وەردەگرت وداهێنانیان دەکرد لەبواری کۆمیدیایەکی شێتانە، بەم جۆرەش هەموو ئێوارەیەك دەق دەبوو بە دەقێکی تازە بۆ بینەر، بەم جۆرە ئەکتەر بوو بە گرنگترین ڕەگەز لە شانۆ.

فیلیەمۆنیە لە گۆڤاری (ماسك) ١٩١١ لەنووسینێکدا دەڵێت: ئەکتەرانی کۆمیدیای دیللارتی جۆرکەکەیان پڕ بوو لە فرت وفێڵ ولێهاتوویی، هەرگیز وەك قوتابیەکی قوتابخانە نەبوون ئەم وانانە وەك تووتی بڵێنەوە کە مامۆستا فێری کردوون، ئەوانە هەر ئەوەندەیان بەس بوو کورتەیەکی چیرۆکەکە بزانن بۆ ئەوەی خۆیان بەشێوەیەکی خۆڕسکانە دەست بە داهێنان بکەن، پەیوەندیەك لەنێوان خۆیان وبینەر دروست بکەن پڕبێت لەبارودۆخی کۆمیدی نەبڕاوە "ئەرلیکان: ئاسنگەر ددانی بنتاۆن دەردەهێنێ وپاشان دەبێتە دۆن جوان"

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان بڵێن کەمکردنەوە لە نرخی نووسەر، کاری کردە سەر بواری نواندن، لەبەر ئەوەی هەر چەندە ئەکتەری دیللارتی داهێنانی بکردایە لەبواری نواندن و ووشە داڕشتن، ئەوە هەر بیرۆکەو چیرۆکێکی بێ بنەما دەردەچوو، چونکە لادان وبەکار نەهێنانی دەقی نووسەر بووە هۆی ئەوەی چیرۆك وگرێ وڕووداو وململانێ نەمێنێ، خۆ گەر هەشبێت ئەوە زۆر بە بێ هێزی هەبوو، واتە بوو بە کرداری دووەم، بۆیە جەختیان دەکردە سەر کەسایەتیەکان ودەست نیشانی جۆری کەسایەتیەکانیان دەکرد، کە بەم شێوەیە بوون بە گشتی:

بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتیەکان بەم شێوەیە بوون:

کاپتن.. بەزەوق وپێکەنیناوی/ دکتۆر.. بانتالۆن.. بازرگانێ لە ڤینسیا.. پیر.. ڕەزیل.. فێڵباز.. ترسنۆک.. جێگای گاڵتە پێکردن بوو/هارلیکان یان ئەرلینکۆ.. خزمەتکارێکی سەرەکی/ بریجیلا.. کەسایەتیەکی فێڵزان.. تا ئەو پەڕ فێڵبازە، دانایە لەوەڵامدانەوەی پەلە، خۆی لەژێر ڕووپۆشێکی سەوز دەشارێتەوە ڕیشێکی ڕەشی هەیە/بیلترامی/ سکابان/ پۆلشینیلا.. خزمەتکار.. کەموکورتی لەشی هەیە وای لێ دەکات زەرەر لەخەڵکی بدات چلێس چارەی خۆش دەوێت کە لە ئافرەت وخواردنەوە خەرجی دەکات، ڕۆح سوکە بازارییە.. ئینگلیزەکان پەریەیان بەو کەسایەتیە ساندو ناویاننا پانش/ سکارامۆش.. بەوە شانازی دەکات کە لەخێزانێکی دەوڵەمەندە.. دۆڕانەکانی دەکرد بە بردنەوە هەموو کات ڕەشی لەبەر دەکرد/ کۆفیللۆ.. فێڵباز.. زیرەک.. وەڵامەکانی مانای زۆریان هەڵدەگرت.. شەرواڵی تەسکی لەبەر دەکرد.. لەگەڵ پاکێتی ڕەش.. لەنێو ڕووپۆش خۆی دەشاردەوە/ زانی.. بریتی بوون لە خزمەتکارەکان و هەموو ڕووپۆشیان دەپۆشی.

ئەکتەر لەم سەردەمە کە کەسایەتیەکی بۆ دەست نیشان دەکرا بۆ ئەوەی ڕۆڵی بگێڕێت، ئەوە شێوەکەی وەردەگرت وتاکۆتایی ژیانی هەر ئەم ڕۆڵەی دەگێڕا، زۆربەی کاتەکان ئەم جۆرە دەیالۆژەی لەبەر دەکرد کە لەگەڵ کەسایەتیەکە بگونجێت، مەرج نەبوو دەیالۆژەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت، بەڵام مەرج بوو کە پێکەنیناوی بن، بەشێوەیەکی گشتی دەیالۆژەکان بریتی بوون لەپەندو گۆرانی وبەیەک شوبهاندن وشیعر ونوکتە ودەستەواژەی خۆشەویستی ورق لێبوونەوە، کۆمیدیای دیللارتی بەمجۆرە یارمەتی پەرەسەندنی هونەری نواندنی داوە:

١- ئەکتەرانی شانۆی دیللارتی بەدەربڕینی دەم



وچاو وجولەی لەشیان وکردەی شانۆییان ئەم ڕاستییەیان سەلماند کە تەختەی شانۆ بینین ولەهەمان کات بیستنی شانۆیە.

٢- لەبەر ئەوەی شانۆی دیللارتی شانۆی دەقی نوسراو ولەبەرکراو نەبوو، بۆیە ئەکتەر پێویستی بەوە دەکرد لێهاتوو زیرەك بێت بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێك هەمان دەق پێشکەش بکاتەوە.

٣- جۆرێك لە واقعیەتیان بۆ شانۆ داهێنا ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو کەسەی دەق لەبەر دەکات وەك ئەو کەسە نیە کە قسە درووست دەکات بەم جۆرە زیاتر ئەکتەر لەگەڵ دەورەکە دەژیا، هەر بۆیەش ئیتاڵیا ئەوەندەی ئەکتەری پێشکەش بەجیهان کردوە، ئەوەندە نووسەری نەبووە، ئەو هونەرەی ئیتاڵیا سەرکەوتوو بوو تیایدا هونەری ئۆپیرا بوو.

لە نوسەرانی ئیتاڵیا لە بواری دراما: کارلۆ گولدۆنی، کارلۆ جۆزی، لۆیجی براندیللۆ

کارلۆ گولدۆنی ١٧٠٧-١٧٩٣ لەگەڵ ئەوەی ئەکتەرانی ئیتاڵی نوسەریان ڕەتکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەیانتوانی ڕکەبەرایەتی هاوکارەکانیان بکەن، کە پشتیان بە دەق دەبەست، تا لەکۆتایی لەساڵی ١٧٦٥ بەوە ڕازی بوون کە نوسەری ئیتاڵی کارلۆ ووتی "ئەکتەر ونوسەری شانۆ یەکتر تەواو دەکەن وپێویستیان بەیەکە"

گۆلدۆنی بەم جۆرە ڕێنماییان دەکات:

١- پێویستە ڕووپۆش بەکار نەهێنن لەبەر ئەوەی هەمووی ڕووی ئەکتەر وجولەی ئەکتەرو دەنگی ئەکتەر دەربڕینی ناوەوەی ئەکتەر دەردەخات.

٢- لەشێوەی خیتابە دوور دەکەونەوە وبەشێوەیەکی سرووشتی قسە بکەن لەبەر ئەوەی کۆمیدیاش لاسایی کردنەوەی سرووشتە.

٣- پێویستە لەقالبی ئەو کەسایەتیە بچنە دەرەوە کە بەرگیان پێوە گرتووە وڕۆڵی کەسایەتی حەقیقەتی بگێڕن ئێمە لە دەریایەکی سرووشتی گەورەدا دەژین.

٤- پێویستە ئەو کاتەی ئەکتەر بەتەنیا لەسەر شانۆیە هەست بەوە بکات کە کەس گوێی لە دایەلۆژەکانی نیە لەبەر ئەوەی بەردەوام قسەکردن لەگەڵ ئەکتەری باش نیە، هەندێ کات پێویستە ئەو هەستە درووست بێت.

٥- ئەکتەر بەدوای ئەو شێوازەدا بگەڕێت کە کارەکە کاری یەك نوسەرە.

**تێبینی: ئەم توێژینەوەیە بەشێکی کورتی کتێبێکی فراوانی نووسەرە بەناوی:**
**الاسس في فن التمثيل وفن الاخراج المسرحي/ جلال الشرقاوي، الهيئة المصرية العامة للكتاب ٢٠٠٢**



# شانۆی پۆلیڤۆنی



## نیهاد جامی

لەئەنجامی گەڕان و پشکنینی بەردەوام لەپانتاییە ئاشکرا نەکراوەکان، خەونی دۆزینەوەی نهێنی بەرەو پرۆژەی ئەلتەرناتیڤ پەلکێشمان دەکات، ئەوە ڕۆچوونە نێو پرسیارە نەزانراوەکانە.. ئێمە هەمیشە کاتێ دەگەینە وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئەو گومانە شانۆییەی دەکەین، کاتێ بە هۆی کارکردن خۆمان لەبەرامبەر کۆمەڵێك دەرەنجام دەبینینەوە، ناچارین گومان لەبەشێکیتری ئەو زانراوانە بکەین، ئەوەش دەمانباتە سەر قۆناغی جیاواز، قۆناغێك لەقۆناغە پێشووەکانی کارکردنمان نەچێتەوە.

شانۆی پۆلیڤۆنی شانۆیەکە لەڕووی مانای زاراوەییەوە واتای فرەدەنگی دەگرێتەوە، ئەو زاراوەیەش میخائیل باختین بۆ ڕۆمانی فرە دەنگی بەکاری هێنا، بەڵام لەڕووی بەکارهێنانەوە ئێمە پەیوەندیمان بەمانا (باختین) یەکەیەوە نیە، تەنانەت باختین بۆچوونی وابوو فرە دەنگی لەشانۆدا بوونی نیە، ئەوە وای لە هەندێك ڕەخنەگری شانۆیی کرد بەتایبەت عەرەبەکان بیانەوێ دژایەتی ئەو هەوڵە ئەزمونکاریانە بکەن بە بیانووی ئەوەی پۆلیڤۆنیەت لە شانۆدا بوونی نیە، بەڵام لەڕاستیدا ئامادەنەبوونی پۆلیڤۆنیەت لەلای باختین پەیوەندیی نەبوو بە نمایشی شانۆیی، بەڵکو باختین دوای ئەوەی لەناو دەقی شانۆیی بەدوای فرە دەنگی گەڕا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە فرە دەنگی لە ناو شانۆ کە مەبەستی دەقی شانۆ بوو بوونی نیە.

ئێمە لەو بارەیە لەگەڵیدا هاوکۆکین و پێمان وانیە هەڵەیەك لەوەدا هەبێت، چونکە ئێمە نامانەوێ فرە دەنگی لەناو دەقێك بدۆزینەوە هێندەی فرە دەنگی وەك بونیادێکی کولتوریی جەستە دێنینە بوون، ئەوەش ئامادەبوونی جەستەیە لە پانتاییدا، ئەو ئامادەبوونەش هەوڵێکی ئەزمونیەو دەچێتە قۆناغی سێیەمی ئەزمونکاری تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك کە دەیەوێت لەو هەوڵەدا ئەزمونێکیتر بنیات بنێت، ئەزمونێك ناوی بنێت شانۆی پۆلیڤۆنی، کە تەواو لە ئەزمونەکانی دوو قۆناغەکەی پێشوو جیاوازە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەسەر ئاسۆ و ستراتیژیی ئەو ئەزمونە بێینە دوان، ئەوەش تەنها دەروازەیەکی تیۆریە و لەداهاتوودا لەگەڵ بەردەوامی ئەزمونەکان تێگەیشتن لەناو پرۆژەکەو دۆزینەوەی نهێنیەکان دەبنەوە بەشێکیتری ناو تیۆری ئەزمونەکە.

ئێمە لەقۆناغی پێشوودا هیچ شتێکمان نەبوو ناوی دەق بێت، بەڵکو مەشقەکان ڕووبەرێکی دەلالیان بۆ ئەدۆزینەوەو ناومان ئەنا کەرنەڤاڵی کولتورەکان (نمایش)، بەڵام هەرچی لەو قۆناغەدایە ئێمە دەقمان هەیە، بەڵام خوێندنەوەی دەق لەو پرۆژەی پشکنینە خوێندنەوەیەکی ئەلتەرناتیڤە، بەهۆی ئەوەی ئێمە دەقی هەڵبژێردراو ناکەینە سێنتەری پرۆژەکە، بەواتای ئەکتەر هەڵناستێ بە نواندنی تێکستە شانۆییەکە، چونکە لە

کەڕنەڤاڵی کولتورییدا هێڵێکمان نیە لەنێوان جەستەی کولتوری و کارەکتەر، بۆ ئەوەی لە (هاودژبوون)ەوە بێت بەرەو (تێکەڵبوون) یەکەمیان هاودژبوونی کارەکتەر لەتەک ئەکتەر، کەوا لە ئەکتەر دەکات لە پرۆڤەدا تێکەڵی کارەکتەرەکە بێت، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەبا ئەم نموونەیە بێنینەوە، لە کاتی دەست کردن بە پرۆڤەی ئۆتێللۆ ئەو ئەکتەرەی ئەو رۆڵە ئەبینێت هاودژە لەتەک بۆچوون و دیدی ئۆتێللۆ، هەر نا وەك ئۆتێللۆ خۆی بە گەمژەیەك نابینێ، بەڵام لەکاتی



مەشقەکان تێکەڵی ناخی ئۆتێللۆ ئەبێت، ئێمە ئەو پردی پەڕینەوەیەمان نیە، چونکە لەئەزموونی ئێمەدا جەستەی کولتوری بەپێی ئاگایی کولتوری خۆیەوە ئامادەی ناو ڕووبەری نمایش دەبێت، بۆیە لەناو (هاودژبوون) ەوە دێتە مەشقەوە، (تێکەڵبوون) لەلای ئامادە نابێت، چونکە نایەوێت ببێت بە کارەکتەری دەق، بەقەد ئەوەی دەیەوێ خۆی نمایشت بکات، ئێمە لە قۆناغی دووەمدا هەر بەو شێوەیە لەتەک (ئۆدیب و ئەنتیگۆنا) تێکەڵبوون بوونی نەبوو، تەنانەت لە (ئەنتیگۆنای قەلا) جەستەی کولتوری هێندەی لەناو تێگەیشتنی فەلەسەفی نیتچە وە ئامادە بوو بەهیچ جۆرێک تێکەڵی دیدی ئەفسانەی ئەنتیگۆنا نەبوو، بۆ ئێمە ئەو پەیوەندیە ڕێک لە شانۆگەری (کارەکەرەکان) ی ژان ژینیە دەچێت، چونکە هەریەکە لە کلێر و سۆلانژ دەبنە دەنگی ئەویتر و دواتریش دەپەڕنەوە بۆ دەنگی خانم، ئەوەش لەم قۆناغەدا وامان لێ دەکات زیاتر ئیش لەتەک ئەو جۆرە دەقانە بکەینەوە، دەق لەو پڕۆسەیە تەنها دەبێ بە یادەوەری کولتوریی.

ئەو چەمکە (یادەوەری کولتوریی) چەمکێکی نوێی کارکردنمانە، ئەگەرچی لە قۆناغی دووەمدا ئێمە چەمکێکمان هەبوو تا ڕادەیەک لەشوێنی ئەو چەمکە ئیشی دەکرد ئەویش (یادەوەری لەیادکراو) بوو.

جیاوازی نێوان ئەو دووانە لەوەدا کورت دەکەینەوە، ئێمە پێشتر لە تێکستی تیۆریی (سۆسیۆلۆژیا: میتۆدی دەنگ میتا حیکایەت) لەبارەی یادەوەری لەیادکراو تێگەیشتنی خۆمان بەو شێوەیە خستە ڕوو: ئەوە ئیشکردنێکە لەسەر پرسیار، وروژاندنی پرسیارە، لەڕێگەی دەنگی جیاوازەوە دەردەخرێت، ئەو دەقە پەیوەندی هەیە بە یادەوەری جەستەوە، کە یادەوەریەکی لە یاد کراوە، بەهۆی گەڕانەوەی لە ڕاهێنانەکاندا دەیگەڕێنێتەوە، بەڵام نەک بە هەستی منالی، بەڵکو بە ئاگایی کولتوریەوە یادەوەری ئامادە دەکاتەوە، ئێمە هیچ لەبارەی ئەو دەقەوە نازانین، تا ئەو شوێنەی یادەوەری لەیاد کراو نەهێنراوەتە ناو ئەو پانتاییەوە، لەگەڵ ڕزگار کردنی یادەوەری لە هەڕەشەی لەیاد کردن، ئێمە دەبینە خاوەنی دەقی یادەوەری لەیاد کراو، لەیاد کردن دەیەوێ پێشبینی بۆ داهاتوو بخاتە ڕوو، ئەو خستنە ڕووە شوناسی زەمەنی هەنووکەیە، بەواتای پرسیار لە یادەوەری.. پرسیار نیە لە زەمەنێکی ئەرشیفکراو، بەڵکو پرسیارە لە ئێستامان، بەڵام ئەوە زەمەنی کرنۆلۆژی ئێستا نیە، بەوەی ڕووداوەکان ڕوویانداوە، بەواتای چیرۆکێکی شانۆیی نیە دیمەنەکانی بگێڕێتەوە، بەڵکو ئیشکردنەوەیەکی فەلسەفیە لەسەر چەمك، ئەو چەمکانەش چەمکی فەلسەفی ڕووت نین کە دووربن لە دنیای ئێمە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە واقعی زیندەگیمانەوە هەیە، چونکە بریتین لە "ژیان، مردن، دڵەڕاوکێ، ترس، فەنا بوون" ئەو چەمکانە پەیوەندیان بە جولە و دەنگەوە هەیە، لەو ڕێگایانەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت، بەڵام ئێمە جگە لەوە کۆمەڵە ماتریالێکمان هەیە، ئەوانە بۆ کاری جوانکاری ڕووکەش نین، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزی دەقی لەیاد کراو هەیە، ئەوانەش بریتین لە "ئاو، خۆڵ، ئاگر".

هەرچی یادەوەری کولتورییە پێش ئەوەی بێینە سەر ناسینی، دەمانەوێ ئەوە بخەینە ڕوو کە ئەو دوو چەمکە دابڕان لەتەك یەك ناخوڵقێنن، بەقەد ئەوەی تەواوکەری یەکترین، هەریەك لەو دوو چەمکە سەر بە قۆناغێکی دەست نیشان کراوە، کە گوزارشت لە ئەزمونی شانۆییمان دەکات لەو ڕووبەرەی کە کاری تیا دەکەین، بۆیە (یادەوەری کولتوریی) پەیوەست نیە بە یادەوەری منالی جەستە، بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە دەقە شانۆییەکەوە، دەق پەیوەستە بە زەمەنی ئەرشیفکراوی جەستەی کولتوریی، ئەوە یادەوەری کولتوریەتی، کە لەڕێگەی خوێندنەوە بووە بە بەشێك لە کولتوری جەستەی، بۆیە کاتێ دەیەوێ لەناو ئەو دەقەدا ئیش بکات، نایەت دەق بخوێنێتەوە، بەڵکو ئەو دەقە وەك یادەوەری لەناو نمایش بەکار دێنێتەوە، بۆ ئەوەش ئەو جەستەیە هەوڵ دەدات بونیادی نەستی دەق کەشف بکات، ئەوەی جەستەی کولتوری لەدەق دەیهێڵێتەوە پەیوەندیی بە ووتراوەکانی ناو زمانی ئاگایی دەقەکە نیە

کە ووتراوە، بەقەد ئەوەی نهێنی ئەو زمانە لەکوێ حەشار دراوە، ئەو دەیەوێت ئەو نهێنیە بدۆزێتەوە، ئەوەش دۆزینەوەی بونیادی نەستی دەقە، ئەو بونیادە بەدوای ئەو ستراتیژە دەدۆزرێتەوە کە دەق لەو پرۆژەی پشکنینە دەگۆڕێت بۆ دەنگ، بە دەنگ کردنی دەق لەڕێگەی گۆڕینی ووشەکان نیە بۆ دەنگ، بەڵکو لەڕێگەی خوێندنەوەی قوولی سێنتەری گوتاری دەقە، ئەوەش بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر




جارێکیتر جەستەی کولتوری لەڕێگەی چەندین دەنگی جیاوازەوە ئەو دەقە دەنووسێتەوە، نووسینەوەی دەق پەیوەست نیە بە هاوارکردنەوە، بەڵکو بێدەنگی ئاماژەیەکی دەنگە، وەك چۆن جولە دەنگە، بەهەمان شێوە دەنگ بەتەنیا دەنگ نیە.. دەنگ جولەیە، لێرەدا کاتێ کولتورە جیاوازەکان لەناو ڕووبەری نمایش ئامادەییان دەبێت.. ئەوە ئامادەگی فرە دەنگیە، بەهۆی ئەوەی هەر کولتورێك دەنگێکە، کە لەناو خۆی

کۆمەڵە دەنگێکیتر پێك دێنێت.

هەر بونیادێك توانای ئەوەی هەیە ببێت بە دەنگێك، جەستە چۆن دەبێ بە دەنگ بەهەمان شێوەش جل وبەرگ دەنگە، بەلأم ئەو دەنگە دەنگی کولتورێکە.. کولتورێك کە لەناو خۆیدا چەندین دەنگ و فرە زەمەنی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەش ئەو دیزاینەی لەقۆناغی پێشوو بۆ جل وبەرگ کردمان کە زیاتر لەفۆڕمی جل و بەرگی سەردەمی زەردەشتیەکانەوە نزیکە، وەك ئاماژەیەکی کولتوری بۆ یادەوەری مرۆڤی کوردیی لەناو تەواو پرۆژەکانی ئەم قۆناغەشدا ئامادەیی دەبێتەوە، پرۆسەی ئامادە بوونەوە فرە دەنگیە لەناو کولتوردا، ئەوەش پەیوەندیی نێوان کولتورو دەنگ لەسەر فرە ئاماژەیی دەباتە ناو پرسیاری جیاوازەوە، بەواتای شانۆی پۆلیڤۆنی شانۆیەکی سیمیۆلۆژیە، ئەوەش کاتێ خوێندنەوەی ڕەخنەیی بیەوێ گفتوگۆ لەتەك ئەو پرۆژە ئەزمونکاریە بکات، پێویستی بەوەیە لەناو هەردوو میتۆدی سیمیۆلۆژیاو هەڵوەشاندنەوەگەرایی سیستمی ڕێکخەری گوتاری نمایش هەڵوەشێنێتەوەو بونیادە لێکترازاوەکان تەئویل بکاتەوە و سەرلەنوێ لەڕێگەی نووسینەوەی مانا نمایشەکە بنووسێتەوە.

ئەوەش سووربوونمانە لەسەر ئەو دیدە ئەزمونکاریە کە ئێمە لەناو میتا شانۆ کار دەکەین، کە گەڕانەوەیە بۆ ووتەکەی گرۆتۆفسکی کاتێ ووتی "ئێمە لەسەدەی میتا شانۆداین" میتا شانۆ گۆڕینی تەواوی ئەو ڕەهەندو تێگەیشتنە مەعریفییە بۆ شانۆ کە شانۆ وابەستەی چوارچێوە ناسراوەکان و هونەرێك نەبێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا کە بە قوتابخانەی گەل ناوی بەرین، میتا شانۆ فێری ئەوەی کردووین کە شانۆ هونەرێکە لەناو خۆی بنیات دەنرێت، واتە نووسینی ئامادە کراوی بەر لەمەشق بنیاتی نانێت، بەڵکو کارکردنی ئەو ساتەوەختەی دەمانەوێ شانۆی تیا ئەنجام بدەین ئەوە سەرچاوە سەرەکیەکەی کارکردنە، ئەوەش ئیشکردنێکە پێویستی بە کائینی بەئاگا هەیە کە بۆ شانۆ ئیش بکات، نەوەك خەمی پرۆژەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هێنابێتی بۆ شانۆ، بەڵکو خەمی شانۆ بۆ شانۆی هێنابێت، تاوەکو بتوانێ لەناو تێگەیشتنێکی تایبەتمەندەوە ئیش بۆ زانستی شانۆیی بکات، ئەو زانستە واتە شانۆناسی بەرەنجامی پەیوەندیی نێوان شانۆ و زانستەکانە لەسەر بنەمای تیۆریی ومیتۆدیی، کە گەڕان و پشکنینەکانی ناو مەشق لەڕێگەی جەستەو دەنگ تیایدا ئەیدۆزێتەوە، ئەوەش خوڵقاندنی چەمك و تیۆریی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەرەنجامی پشکنینەکانیەتی، بنەماکانی لە گرۆتۆفسکیەوە سەری هەڵداوەو لەویشەوە دەمانەوێ ئەو دنیا نەدۆزراوەیە بدۆزینەوە، ئەوە دووبارە کردنەوەی ئەزموونی شانۆی هەژاری گرۆتۆفسکی نیە کە دەشێ کەسانێك بۆ خۆ ڕزگارکردن لە پرۆژەی ئەلتەرناتیڤ ئاوا کورتی بکەنەوە، بەڵکو گرۆتۆفسکی تەنها ڕێگاکەی پێ نیشانداوین، لەو بارەیەوە شەماڵ عومەر لەنامەیەکدا کە ئاراستەی ئێمەی کردووە نووسیویەتی "دڵنیابە لەوەی ئەو پیاوە مەبەستی بووە ئەو ئەرکە ئاڵۆزو قورسە بەخۆمان بسپێرێت" لەو بارەیەشەوە هەموو ئەو گومانانەی دەیانەوێ کارەکانمان بە کۆتایی و بە دووبارە کردنەوەی گرۆتۆفسکی ناوبەرن، ئەوە کاتێ بەدوای وەلأم بۆ ئەو قسانە بگەڕێین، گەڕانەوەیە بۆ ئەو قسەیەی پیتەر بروك "گرۆتۆفسکی وەکو دارەکەی "ڤوودوو" وایە کە هەمووومان بە چوار دەوریا دانیشتووین و ووزەی لێ وەردەگرین، بەڵێ گرۆتۆفسکی هێشتا وەکو سێنتراڵە لە شانۆی ئەمڕۆی جیهاندا"

ئەو قسەیە پێمان دەڵێت ئەوە دووبارە کردنەوە نیە، بەڵکو ووزە وەرگرتنە لەو داهێنەرە، لەوێشەوە هەر یەکەمان دەتوانین جیاوازیەکانی خۆمان دیار بکەین، دیاری کردنی جیاوازیەکانمان خاڵی جەوهەری پرۆژە ئەلتەرناتیڤەکانە، کە ئێمە هەمیشە بەدوای ئەو خاڵە جیاوازانە گەڕاوین، نەك بزانین لەکوێ لەیەك دەچین، لەهەر کوێ لەیەکچوون نزیکی کردینەوە هەست بە کۆتایی دەکەین و سەرلەنوێ گومان ڕووبەرووومان دەبێتەوەو دەکەوینەوە پرسیارکردنەوە، ئەو کاتانەی هەست دەکەین جیاوازین و جیاوازیەکانیشمان



لەیەکتریمان نزیك دەکاتەوە، ئەوساتە بەڕاستی هەست بە نزیکی دەکەین لەڕۆحی ئەزمونەکانی یەکتری.

کاتێ باس لە دەنگ و زانستی شانۆیی دەکەین مەبەستمانە لەم قۆناغە لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگ ئیش بکەین، وەك ئیلتیزامێکی ئەخلاقیش پێویستمان بەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەوە میتۆدێکی نائەورووپیانەی دەنگە لە لابۆری شانۆی لالش، بەواتای بەر لەئێمە کەسانێك خۆیان بۆ تەرخان کردووەو ڕێرەوێکی زانستیان بۆ دۆزیوەتەوە، تاوەکو بتوانین لەوێوە جارێکیتر جیاوازیەکانمانی تیا بخەینەوە ڕوو، ئەوەش میتۆدێکی داهێنەرانەی شەماڵ عومەرە، ئامادەبوونی دەنگ لە ئەزمونی لابۆری شانۆی لالش دامەزراندنی گوتاری ئەلتەرناتیڤە لە شانۆی ئەزمونگەری، ئەو گوتارە بەتەنیا پەیوەست نیە بەساتەوەختێکی پڕۆژەی پشکنینی ئەزمونێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو بەرەنجامی بەریەکەوتنی دەنگە لەتەك کولتورە جیاوازەکان، لەو ساتەوەختەدا دەنگ ئەو دەربڕاوەی ووشەی دەنگی نیە کە گوزارشت لەساتی ئاگایی و هەستە ناخیەکانمان دەکات، دەنگ ئاماژەیەکی کراوەی تەئویلە، بۆ ئەوەی بتوانین تەئویلی دەنگ بکەین دەبێ جەستەیەکی ئامادەی ناو سرووت بین، کاتێ دەبین بە جەستەی ئامادە ئیدی گرفتمان لەوەدا کۆ نابێتەوە کە دەنگ کورت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو دەنگە خاوەنی چ مانایەکی ڕووداوە، هێندەی پێویست بەوە دەکات لەناو سرووت ئێمە ساتە هاوبەشەکانی چێژی شادی و چێژی ئازار ئەوەی بارت بۆ خوێندنەوە دەیخاتە ڕوو هەستی پێبکەین.

ئەو کاتانەی گەیشتین بەو هەستە ئیدی گوتاری ناوەکی ڕۆحمان ئازاد دەبێت، ئازاد بوونی گوتاری ناوەکی فڕێدانەوەی کردەی نەستیە، بەڵام کردەیەك خۆی ڕزگار

کردووە لەمانا باوەکانی نەست لەشانۆی ڕیتوالی، ئەوەش بەرەنجامی گەڕان و پشکنینی لابۆری لالشە، کە بەدوای شانۆیەکی ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێت، تەنانەت بەسەر تێڕوانینە ئەزمونگەریە دەرکەوتووەکانیش، چونکە دەنگ دەبێ بە سەرچاوەیەك بۆ گوتاری بەرهەم هێنان، ئەو گوتارە زەمەنی ئەدەبی تێکست دەکوژێت، بەهۆی ئەوەی زەمەنی ئەفرێنەر شوێنی دەگرێتەوە ئەوەش زەمەنێکە تێکست دەچێتە ناو پرۆژەی ڕووخان و ووشە دەبێتە بەدەنگ و جەستەش دەبێتە دەنگ هەموو بونیادەکانی شانۆ دەنگن، لێرەدا خاڵی جیاوازی ئێمە لەوێدا دەردەکەوێ کە لە ئەزمونی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك وەك ئاماژەمان بۆ کرد دەنگ دەبێ بە جولەو جولە دەبێتە دەنگ، ئەو گریمانەیە لە لابۆری لالش جیاوازە، جیاوازیەکەشی لەوەدایە لەوێ بونیادەکان دەبنە دەنگ، بەلاّم ئەوەی ئێمە لە پرۆژەی پۆلیڤۆنی پێشنیارمان کردووە، پەیوەندیەکی دۆنادۆنی نێوان جولە و دەنگە، دەنگ بنیاتنانی سرووتە، ئەوەش دەنگ دەبێ بە میکانیزمێك بۆ بەشداری کولتوریی، کە پەیوەست نیە بە دەنگی چەندین ئاهەنگسازەوە، تاکە ئاهەنگسازێك توانای ئەوەی هەیە کە لەڕێگەی توانا دەنگیەکانەوە هەڵگری چەندین کولتور بێت بۆ خوڵقاندنی سرووت، ئەوەش وەزیفەی شیعریی پانتایی لەناو گوتاری نمایش دەگۆڕێت بەوەی شیعریی پانتایی بەتەنیا جولە بنیاتی بنێت، بەڵکو دەنگ دەبێتە میکانیزمی لەدایکبوونی شیعریی پانتایی.

دەنگ زمانێکی نوێ دێنێتە بوون کە زمانی دەنگە، ئەو زمانە دۆزینەوەی وێنەیەکی ڕەها نیە بۆ مانا، بۆ ناونانی ماتریالەکان، بەقەد ئەوەی ئەو زمانە پەیوەندیەکی نوێ دەخوڵقێنی، ئەویش ئامادەبوونی ئێمەیە لەناو چەمکی ئاهەنگدا، چونکە ئێمە لەناو دەنگ نابێت ئەو هەستە تەرخان بکەین بۆ بیستن، بەڵکو دەنگ بینین داگیر دەکات، ئەو داگیر کردنەش کوشتنی زەمەنی کرنۆلۆژییە بۆ دەنگ، چونکە دەنگ ڕووبەرێکی زمانەوانی دەلالیەو ناکرێ ڕاڤە بکرێت، بەڵکو پێویستی بە فرە تەئویلیە، ئەوە پرۆسەیەکی هیرمنیۆتیکیە بۆ دەنگ، تەئویلکار لەناو دەنگدا وابەستە نیە بە زەمەنێکەوە، ئەو لە یادەوەریەوە دێتە ئێستای زەمەنی تەئویل کردن و بەهەردوو زەمەنەکەشەوە لە زەمەنی داهاتوو دەدوێن، دوان لەو هەڕەشەو مەترسیانەی دەنگ لە ئامادەبوون دەیخاتە ڕوو، بۆیە دەنگ لەو لابۆرەدا بوونێکی زیندووە.. بوونێك لە جەستەی ئاهەنگسازەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئێمەی ئاهەنگساز، ئەوەش پەیوەستە بەو فۆرمەی کولتوری کوردی لە کردە کۆمەڵیەکانەوە بەرهەمی دێنێت، کە پەیوەستە بە یادەوەری ئاهەنگسازەوەو لەناو ڕووبەری ئاهەنگ دەیگەیەنێتەوە بە ئێمە، ئەوەش دەنگە کە زەمەنەکانمان زەمەنی بوونی مرۆییمان بەیەکەوە دەگەیەنێت، بەلاّم بەیەك گەیشتنێك لەناو خۆرئاوادا کەچی لە تێگەیشتنێکی خۆرهەلاّتیەوە سەر لەنوێ دەنگ دەخاتە پرۆسەی ئامادە کردنەوە، ئەوەش ئامادە بوونی سەرلەنوێمانە، دەنگ دەبێ بەو گیانە زیندووەی هەمیشە بەرەو کەشفکردنی نهێنی و نەزانراو ناخمان ئازاد دەکات، ئەوەش بۆ خۆرهەلاّتی ئازادبوونیەتی لە ڕابردوو، بۆ خۆرئاواییش ئامادەبوونی جیاوازە لەناو کولتورەکەیدا.

دەنگ لە ئەزموونی ئێمەدا لەناو شکستە خودیەکانی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایەوە دەیەوێ خۆی ئازاد بکات، گەشتێکی درێژی لەناو کولتورەکان هەیە تاوەکو لەو سەفەرە درێژە بەرەو دنیا بکرێتەوە، کرانەوە بەسەر دنیا کرانەوەیە بۆ جیاوازی قبوولّ کردن، ئێمە لێرەدا لەزۆر ڕووەوە جیاوازین جیاوازیەکانیشمان بەتەنها لەڕووی چەمکەوە نیە لەبەرامبەر بوونی (جەستەی ئاهەنگساز) ئێمە (جەستەی کولتوری) مان هەیە لە میتۆدی قۆناغی دووەم (دەنگ میتا حیکایەت) ئەوەمان خستە ڕوو کە بۆچی ئاهەنگساز لای ئێمە گۆڕاوە بە کولتوریی، کە نامانەوێ لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە، بەڵکو ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم تەنانەت لەبوونی ئیشکردنەوەیە کە چۆن شەماڵ لەشوێنێکدا دەڵێت "چیتر بۆ بیرۆکەی چاوەڕوانی پێویستم بە لەچاوەڕوانی

گۆدۆی بیکت نیە" لەکاتێکدا ئێمە تێکست دێنین لەبونیادی نەستی تێکستەوە دەنگ کەڕنەڤاڵی کولتورەکان (نمایش) بنیات دەنێت، ئەگەرچی ئێمە لە قۆناغی دووەم تێکستمان نەبوو یادەوەری جەستەی کولتوری بەشداریەکی چالاکی دەکرد بۆ خوڵقاندنی نمایش، لەوێدا ئێمەش پێویستمان بە تێکستە ئەدەبیەکان نەبوو هێندەی ڕاهێنانەکانی تاداشی سوزوکی کۆمەکی پێدەکردین، جیاوازیەکانمان لەوێشدا زۆر ڕوون بوو، بەتایبەت ئیشکردنمان لەناو ئاینە دێرینەکانی وەکو (زەردەشتی و بوزی) هەروەها تەواوی چیرۆکە ئاینیەکان دەگۆڕانە سەر بونیادی دەنگی جەستەی کولتوریی بەتایبەت لە دوو کەڕنەڤاڵە کولتوریەکەی دوایی (جوانترین مردن) و(شەرابی سێو).

لێرەدا ئەمجارە لەو قۆناغەدا پێویستە ئاماژە بۆ ووزە بکەین وەك چەمکێکیتری ئەو پڕۆژەیە، ووزە بۆ ئێمە کوشتنی تایبەتمەندی ڕەگەزیە، بەوەی ووزەی جەستەی کولتوری ووزەی جەستەیەکی ڕەگەزی نیە، هێندەی هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، هەڵبەت ئەوەش بۆ ئێمە لەبۆشاییەوە نەهاتۆتە بوون، لەقۆناغی پێشوو لە کەڕنەڤاڵی کولتوریی (یادەوەری دەنگ) جەستەی کولتوری هەڵگری ڕەگەزێکی تایبەت نەبوو، هێندەی هەڵگری جەستەیەکی دۆنادۆنی بوو، ئەوەش کوشتنی دوالیزمەکانی جەستەیە، بۆیە ووزە بۆ جەستەی کولتوریی توانای تەکنیکی عەقڵی وجەستەییە لەئامادەبوونی لەناو نمایش.

کولتور لێرەدا دەتوانێ وا لە ووزە بکات بەدوای تەکنیکیتر بگەڕێت، ئەوەش پەیوەندیی بەو حەقیقەتە کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە کولتور خاسیەتی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام کاتێ ئەو کولتورە بەربەست بێت لەبەردەم تواناکانی ڕەگەزێك، نەك تەنها لە ئاستی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەئاستی هونەریش کاتێ ڕەگەزی مێ ڕازی دەبێت بەو کەسایەتیەی لەناو شانۆکەدا پێی دەردەکەوێ، ئەو دەمە ئەکتەرەکە جەستە نەبوو، ناتوانین بە جەستەی کولتوری ناوی بەرین هێندەی جەستەی هەیە، ئەو کاتە لەناو غیابی ووزەداین، دیارە لەنێوان جەستە و جەستە بوون جیاوازی زۆر جەوهەری هەیە، دەتوانین لەوەدا چڕی بکەینەوە، جەستە واتە کۆی ئەو چالاکیە ئەنترۆپۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیە جەستە هەڵگریەتی، بەڵام کاتێ جەستەی هەبوو واتە کەسێتر فرمان بە جەستەی ئەو دەکات، ئەوەش بە قوربانی کردنی جەستەیە، لەو بارەیەوە نیگار حەسیب دەڵێت "شتێکیتر دەکرێتە قوربانی تا جەستەی من یەك بگرێتەوە؟ بۆیە لەو باوەڕەدا نیم، چونکە من جەستەم نییە، من جەستەم، بەڵام ئەگەر جەستەم هەبێت، وەك ئەکتەرێك کە بەشێوازیتر کاردەکات، کە زۆربەی زۆری ئەکتەرەکان جەستەیان دەخەنە بەردەستی دەرهێنەر خۆی پارچە پارچە بکات، لەبواری پارچە پارچە کردندا جەستەی بینەران کە لەگەڵیدا کۆمەڵگا درووست دەکات یەك بگرێتەوە" ئەوە جیاوازیە جەوهەریەکەیە.

ئامادە بوونی ووزە لەو پڕۆژە ئەزمونکاریەی ئێمەدا ئامادەبوونی جەستەو دەنگە لەناو مەشقدا، ئەوەش لەدەست کردن بە پڕۆژەکانی ئەو قۆناغە وەك چەمکەکانی تر قسە و تێڕوانینی پراکتیکی و ڕەخنەییمان لەبارەیەوە دەبێت، بۆیە ئەوەی تا ئێرە خستوومانەتە ڕوو، دەروازەو تێگەیشتنێکی تیۆریە بۆ کارکردن کە لەبەرەنجامی چەندین ئەزمونی جیاواز ئەو پەیوەندیە لەناو تێکست و ڕووبەرەکانی نمایش دەبنە جێگەی پرسیارە ڕەخنەییەکانمان، ئەوەش بە مەبەستی پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤی شانۆییە بەتایبەت لەو پڕۆژە درێژخایەنەی دوو قۆناغی بەڕێ کردووە، قۆناغی یەکەم لە ٢٠٠٦-٢٠٠٧ پێنج نمایشی گرتە خۆی ئەوانیش "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ ودەف، هاملێتی کەرکوك" کە ئیشکردنی جەستەیی بوو لە شوێنەوارە مێژوویەکان لەژێر تێڕوانینەکانی ئارتۆ و گرۆتۆفسکی، لەو بارەیەوە تێکستێکمان بەناوی مانیفێستی (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ) بڵاوکردەوە لە شانۆکار ژمارە (٢) کە تیۆریزەی ئەو قۆناغە ئەزمونکاریە بوو، قۆناغی دووەمیش ٢٠٠٧-٢٠٠٩ ئیشکردن بوو





لەسەر دەنگ و جەستە وەك پرۆژەیەكی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ كولتورە جیاوازەكان ئەو پرۆژەیەش(٧) نمایشی شانۆیی گرتە خۆی ئەوانیش "یادەوەری دەنگ، یادەوەری دەنگ/٢، ئۆدیبی زەردەشت، حیكایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەلآ، جوانترین مردن، شەرابی سێو" دواتر لە گۆڤاری شانۆكار ژمارەكانی (٢) و (٣) تیۆریزەی میتۆدی پرۆژەكەمان بلآو كردەوە بەناوی "سۆسیۆلۆژیای شانۆ: میتۆدی دەنگ میتا حیكایەت"

ئەم قۆناغەش لە ٢٠٠٩-٢٠١١ تەواو دەبێت لەناو چەندین پرۆژەی وەكو (مۆسیقای بێدەنگ، جورئەتی كوشتن، كارەكەرەكان، مارا-صاد، ئێوارەیەك، مەرگی كریشنا) لەو قۆناغە قووڵ دەبێتەوەو بەدرێژایی پرۆژەكان تێگەیشتنە تیۆریی و ڕەخنەییەكانمانی تیا دەخەینە ڕوو.





# شانۆکارە لاوەکان و سەرسامبوون بە ئەزمونگەری




## عەواد عەلی

## وەرگێڕانی: شۆڕش محەمەدحسێن


ئەزمونگەری زۆربەی لاوە دەرهێنەرەکانی ئەمڕۆی جیهانی عەرەبی بۆ خۆی کێش کردووە ، چ جای ئەوەی کە ئەم شانۆکارە خاوەن ئەو توانست و پسپۆڕی و رۆشنبیرییە بێت کە ئامادە باشی دەکات بۆ چوونە ناو ئەزمونگەری بە واتا ڕاستەقینییەکەی یاخود خاوەن ئەم تواناییە نەبێت.

لەزۆربەی کاتەکاندا سەرسامبوونی ئەم دەرهێنەرانە بە ئەزمونگەری لەو هەستە ناوەکییەوە هەڵدەقوڵێت کە پێیان وایە ئامادەبوون و پێگەیان لە نێوەندی شانۆیی بەدی نایەت لەو کاتەدا نەبێت کە کۆمەڵە ئەزمونێکی دەرهێنانی جیاواز لەوانەی پێشوو و بەواتایەکی تر لەئەزموونە باوەکان پێشکەش نەکەن. بەبێ ئەوەی زۆربەیان لەم پرۆسەی ئەزمونکارییەی شانۆدا وەك پێویست کاریان کردبێت یاخود لایەنە خراپ و دیوە ناشرینەکانی بنەما هونەرییەکانی ئەم جۆرە هونەرەیان دۆزیبێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بەدەگمەن دەبینیت هەندێك لەو دەرهێنەرانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە داڕشتنی شانۆگەرییەکی ئەزمونگەری کە هەڵگری داهێنان و خوێندنەوەیەکی پێچەوانەی تێکستە بنەڕەتییەکە بێت، یاخود بەلانی کەمەوە لەلایەنی ئێستاتیکی و دەلالییەوە سەرنج ڕاکێش بێت. وەك دەزانرێت ئەزمونگەری شانۆیی بە تێگەیشتنە گشتگیرییەکەی، لەودەمەوەی لە شارستانێتییە کۆنەکاندا دروست بوو هاوەڵی شانۆ بووە، بەنمونە "تیسپیس"ی ئەکتەری یۆنانی کە سرودە دیسرامبییەکانی "کە پەیڕەوکارانی لە سروتە ئاینییەکاندا دیۆنیزیۆسی خواوەندیان پێ ئەمر دەکرد" پەرەپێدا بۆ نمایشی شانۆیی مۆنۆدرامی"لەڕێی گالیسکە گەڕۆکەکەیەوە، کەسێکی ئەزمونکار بوو. شاعیری درامیش"ئەسخیلۆس"کە ئەکتەری دووەمی بۆ پرۆسەی شانۆ زیادکرد، کرداری دراماییانەی پەرەپێدا بەهەمان شێوە ئەمیش ئەزمونکار بوو. سۆفۆکلیسیش کە ئەکتەری دووەمی بۆ پرۆسەکە زیادکرد، ئەزمونکار بوو چونکە ڕەگەزەکانی بینای درامی قوڵ کردەوە و ئاسۆی نمایشی شانۆیی بەرفراوان کرد. هەروەها ئەکتەرەکانی "کۆمیدیای دیلارتێ"ی ئیتاڵیش ئەزمونکار بوون چونکە ئازادی داهێنانیان بەخشییە ئەکتەرەکان و فۆرمێکی نوێیان لە نمایشی پێکەنیناوی پێشکەشکرد. هەروەك چۆن ڕێچکەی تیپی "دۆك جۆرجی دووەم"کەناسراوە بە "دۆك ساکس مینینغن" لە نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەدا، لە قۆناغی خۆیدا ڕێچکەیەکی ئەزمونکارییانە بوو چونکە سەرجەمی خەونە لە پێشینەکانی ئەم بوارەی تێپەڕاند و تیایدا

بیرۆكەی ئەكتەری پاڵەوان ڕەتكرایەوە ئەو بیرۆكەیەی كە ڕێڕەوی شانۆی ئەوروپی تێكدا "و لەنێوان نیوەی چەرخی دوانزدە و ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەدا ئەم ڕێرەوە شانۆییەی ئەوروپای لە ڕووی تێكست و نمایشەوە شێوان و بۆ یەكەمین جار ئەم بنەمایە دانرا: ئەو كەسەی ئەمڕۆ ڕۆڵی پاڵەوانی لە شانۆگەرییەكدا بەرجەستە دەكرد بۆ بەیانی و لە شانۆگەرییەكی تردا ڕۆڵی ناوەندی دەدرایە".

بەڵام ئەزمونگەری شانۆیی، بە تێگەیشتنە تایبەتەكەی، لە كۆتایی چەرخی نۆزدە و سەرەتای بیستەكان دروست بوو و بە چەمكی نوێگەرییەوە پەیوەست كرا، بەو پێیەی كە چالاكییەكە نزیك بە داهێنان و نوێكردنەوەو لەناوبردنی باوو و تێكشكاندنی نەریت و شتە تەقلیدییەكان و تێكشكاندنی نموونەگەرایش لەسەر ئاستی ڕوانین و تەكنیكەوە .

بریێختیش لە وانەیەكیدا بەناوی "لەبارەی شانۆی ئەزمونگەرییەوە"كەلە كۆتایی سیەكاندا پێشكەشی كرد، هەر شانۆگەرییەكی نا ئەرستی * بە شانۆگەرییەكی ئەزمونگەری داناوە. ئەمە لەكاتێكدا كە ژمارەیەك لە لێكۆڵەرەوە رۆژئاواییەكان كۆكن لەسەر ئەوی كە شەوی ١٠ی كانونی دووەم"دیسەمبەر"و بەر لە كۆتایهاتنی چەرخی نۆزدە بە چوار ساڵ ،لەسەر شانۆی"الاوفر"لە پاریس شەوێكی مێژوییە. كە لەو شەوەدا بۆمبێكی قورس و بەهێز لە دڵی ئەرستۆ درا لەگەڵ ئەو پێكهاتەیەی كە بۆ شانۆ داڕێژابوو، ئەویش لەو دەمەی كە دەرهێنەر"ئەلفرێد گاری"شانۆگەری"ئۆپۆی پادشا"ی نمایش كرد ، كە"ئەندریە جید"ی ڕۆماننوسی فەڕەنسی لە بارەیەوە ووتی:"ئەمە شتێكی ناباوە و ڕۆژگارێكی زۆرە شانۆشتی وای بەخۆوە نەدیوە".هەروەها شاعیر و نوسەری شانۆیی ئێرلەندی"و.ب.ییتس"بە "ئامាژەیەك كە كۆتایی بە قۆناغێكی تەواوەتی هونەر دەهێنێت"وەسفی كرد.

ئەم نمایشەش بەڕاستی شۆڕشێكی شانۆیی گەورەبوو كە تیایدا ڕێچكە ئەزمونكارییەكانی شانۆی جیهانی تێدا كۆكرابۆوە وەك تەعبیرییەت و سوریالییەت و پێشڕەوایەتی و هتد . ئەگەر ئەزمونگەریش لەسەرەتاكەیدا دورودرێژ و زۆری خایاند بێت ئەوا سیماتە سەرەكییەكەی لە قۆناغی شەست و حەفتاكانی چەرخی پێشوو لە هەوڵدان بۆ كرانەوەی شانۆ لەسەر هونەرەكانی تر بەدەركەوت،لەگەڵ خەڵقكردنی پەیوەندییەكی جیاواز لەگەڵ بینەران و فراوانكردنی پەراوێزەكەیدا.بەمەش ئەزمونگەری ئاقارێكی ئێستاتیكی و ئایدۆلۆژی وەرگرت و بزاوتی ئەزمونگەریش لە شانۆدا پەیوەستكرا بە گەشەكردنی زانستەمرۆییەكان و كاریگەری ئەم زانستانە لەسەر میتۆدەكانی خوێندنەوەی شانۆ.لێكۆڵینەوە نوێكانی ڕۆژئاواش ئەوە بەدیاردەخەن كە ئەم بزاوتە ڕووە و دوبارە چاوخشاندنەوە بە پێگەی ئەكتەر لە پرۆسەی شانۆیی و شێوازی ئەداكردنی هەنگاوی هەڵهێنا و بەڵكو هەندێك لە ڕێبازەكانی دەیانویست ئەكتەر ڕەت بكەنەوە ، بەوپێیەی كە مرۆڤەو ئامێر و بوكەڵەیەكە كە دەرهێنەر بەپێی خواستی خۆی جڵەوگیری دەكات،لەكاردانەوەی پاشینەی ئەم بیركردنەوانەش ئەكتەر گەڕایەوە نێو پرۆسەكە تاوەكو ببێتەوە بە نێوەندی یەكەم لە پرۆسەی بەردەوامبوون و لێكحاڵیبوون لەگەڵ بینەران و دواجاریش ئەكتەر بووەوە بە بنەمای سەركی لە پێكهاتنی نمایشێكی شانۆیدا.وەكچۆن ئەم بزاوتە هەوڵی سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە" شوێنی شانۆ"دا لەگەڵ دەرچوون لە بینا قەبەكانی شانۆی كلاسیكی و گواستنەوەی پرۆسەی شانۆ بۆ شوێنی جیاوازتری ترلەگەڵ گرنگیدان بە پێگەی بینەر لە نمایشی شانۆیدا و پەیوەندییەكانی نێوان تەختەی شانۆ و هۆڵی شانۆ و سودوەرگرتن لە تەكنیكە هاوچەرخە پێشكەوتووەكان لە بواری دەنگ و ڕوناكی و بەكارهێنانی لە ئاقارێكی درامیدا و مامەڵەكردن لەگەڵ تێكستی شانۆیی بەوپێیەی كە "بنەمایەكی ڕوتە لە بنەماكانی نمایشی شانۆیی كە دەكرێت بدرێتە بەر تەشەر و ڕەخنە "،یاخود كورت بكرێتەوە یاخود هەڵوەشێنرێتەوە یاخود لە گوتارێكی ئەدەبییەوە بكرێتە



گوتارێکی بینراو. لەئاکامی بەدواداچونم بۆ ئەزمونەکانی شانۆی عەرەبی "چ بە بینین یان بە خوێندنەوە" وادەبینم کە نمایشە ئەزمونگەرییە پێگەیشتووەکانی دەرهێنەرەلاوەکانی عەرەب لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە وڵاتانی عەرەبدا چڕکراوەتەوە " وەك "عێراق، میسر، سوریا، ئەردەن، بەحرەین" لەو دوو دەیەیەی ڕابردوودا چەند ئەزمونێکی گرنگ دەرکەوتن کە مولامەسەی ئاسۆکانی ئەزمونگەری کردبوو،هەروەها هاوکاری کردبوو لە بەپیتکردنی پرۆژەی نوێگەری لە رۆشنبیری عەرەبیدا.

ڕوخسارەکانی ئەم نوێگەرییەش لە گۆڕینی بونیەی گوتاری شانۆی کلاسیکی یاخود نوێکردنەوەیان، داهێنانی شێوە و ڕوانین و تەکنیکی ئەدای نوێ لەسەر شانۆی عەرەبی بەدەرکەوت، بەتایبەت ئەو ئەزمونانەی کە خوێندنەوەیەکی هاوچەرخی هەبووە بۆ تێکستی شانۆیی و ئازادکردنی ئەندێشە.

# لاش نۆرێن و جورئەتی کوشتن



## هیوا قادر

**تەنها ڕێگایەك كە بتوانم فەرامۆشیكەم قوڵایی ڕووناكییە، بەڵام لە قوڵایی ناو ئەو قوڵاییەدا ناتوانرێت هیچ شتێك فەرامۆشبكرێت، چونكە هیچ گوریسێك لەوێوە نییە پیاسەركەویت و بێیتەوە ناو قوڵایی ڕووناكی**

**لاش نۆرێن**

من بۆ خۆم لەیەكەم ساتی ناسینی لاش نۆرێنەوە، تەژی بووم لە سەرسامی و ترس، سەرسامی من بۆ ئەم نووسەرە لەو زمانە شەبەقیە چڕ و غەریبەوەیەتی لە گوزارشتكردنی بۆ ئینسان، هەروەها ترسیشم لەبەرامبەریدا لەو هەموو ڕەشی و ماتییەوەیە كە لەناو شیعر و تێكستە شانۆییەكانیدا وەك نەوتی ڕەش قوڵپە قوڵپ هەمیشە هەڵئەقوڵێت.

هەر زوو خوێندنەوەی تێكستە شانۆییەكانی لاش نۆرێن ئەو تێڕوانینە باوەی بەیەكجاری لەلام تەفروتووناكرد، كە پێییوایە "دەقی شانۆیی تەنها لەسەر تەختەی شانۆ ئەتوانێت هەناسەبدات" واتا دەقی شانۆیی هەمیشە قابیلی خوێندنەوە نییە وەك تێكستێك و بەڵكو زیندوێتی و هەناسەدانی پەیوەستە بە نومایشتكردنییەوە لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام كاتێك كە دەقێكی شانۆیی وەك "جورئەتی كوشتن" ئەخوێنیتەوە، تێئەگەیت كە خوێندنەوەی ئەم شانۆنامەیە وەك خوێندنەوەی چیرۆكێك یان ڕۆمانیك وایە، چونكە هەر لەیەكەم دێڕییەوە خوێنەر ئەبێتە بەشێك لەو سادەییەی كەدەستت ئەگرێت و دواتر هەنگاو لە دوای هەنگاو لەگەڵ دراماكەدا ئەڕۆیت و ئەگەیتە ناو دنیایەك لە ئاڵۆزی ئینسان، ئەو ئاڵۆزییە كە سەرتاقەدەم ڕەش ڕەشە.

من پێموایە هۆكاری هەمیشە ڕەشی ئەم نووسەرە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەم دیوێك لە ئینسان ئەناسێت كە هەر لەتوانای بینینی خۆیدایە، چونكە ئەم و نووسەرانێكی كەمی تر لەپیش لەشكرێك لە نووسەرانەوە گەیشتوونەتە ئەو جێیە، لاش نۆرێن لەو تیڕوانیین و بینینە تایبەتیانەیدا بۆ تەنهایی ئینسان و ناسینی هیچی كەم نییە لە بێكێت و دیستویفسكی و سترین باری.

وەرگێڕانی تێكستی ئەم نووسەرە جۆرێكە لە مومارەسەكردنی ڕیسك، چونكە سادەییەكەی هێندە هەڵخەڵەتێنەرە تا ئەگەیتە ئەو شوێنانەی كە هەستئەكەیت لەبەر ئاڵۆزی و قوڵی ئیدی ڕێگایەكت بۆ ڕزگاربوون لەبەردەمدا نەماوە، بۆیە كەمجار وەرگێڕ ئەتوانێت سەد دەرسەد خەیاڵی تێكستەكانی لاش نۆرێن بخاتە نێو خەیاڵی زمانی كوردییەوە.

"جورئەتی كوشتن" یەكێكە لە تیكستە شانۆییە بەناوبانگەكانی لاش نۆرێن، كە لە ساڵی ١٩٧٠ نوسیوویەتی، ئەم شانۆنامەیە بە شانۆنامەیەكی سیانەیی و سێ گۆشەیی ناوئەبرێت، هەم لە ڕووی كەسایەتییەكانی كە سیانە و هەم لە ڕووی



دابەشکردنییەوە کە سێ بەشە. "میکایل ڤان ڕێس" پێیوایە ئەو نەرجسیەتەی کە لە گفتوگۆی باوك و کوڕەکەدا لەم شانۆنامەیەدا دروستئەبێت، هەمان نەرجسییەتی لاش نۆرێن خۆیەتی کە لەناو شیعرەکانیشیدا ئەناسرێتەوە.

شانۆنامەکە بە سەردانی "باوك ٦٥ساڵ" دەستپێئەکات بۆ لای کوڕەکەی "ئێریك ٣٠ ساڵ"، دوای کەمێك تێئەگەین کە ڕۆژی دواتر ئەبێتە سێهەمین ساڵوەگەردی مردنی ژنەکەی "ئیلین". ڕووداوەکانی ناو ئەم شانۆنامەیە لە ڕۆژ و شەوێك و ڕۆژی داهاتوودا ڕووئەدات، شوێن ژوورێکی سادەی گەورەیە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردانایەت لە هەر سێ بەشی شانۆگەرییەکەدا. باوك جگە لە ئێریك کوڕێکی تری هەیە کە ماوەیەکە بێ هەواڵە لێی. باوکەکە کارکەنارە و پێشتر نزیکەی بۆ پەنجا ساڵ وەك خزمەتکارێك لە چێشتخانەکان و ڕیستورانەکاندا کاریکردووە، کوڕەکەشی هەمان پیشەی باوکی هەیە و لەو ڕیستورانانەدا کار ئەکات کە نایاساین، کوڕەکە زۆر کەسێکی ترسنۆك و هەستیارە، بەڵام ناتوانێت گوزارشت لەو هەستەی خۆی بکات. "ڕادکە" کچێکە و دۆستی ئێریکە، ئەمیش لە ڕیستورانەکان لەژێر ناوی گۆرانیبێژدا کار ئەکات، کە لە ڕاستیدا کاری ئەم جگە لە دەمجوڵاندن و لاسایکردنەوەی گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان هیچی تر نییە. گفتوگۆکانی کوڕ و باوکەکە زۆر بریندارکەر و نەویستەیە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە تێئەگەین کە هاتنی باوکەکە بۆ لای کوڕەکەی بەحەزی کوڕەکە نەبووەوە ئەو هەمیشە ئەیەوێت خۆیی لێبدزێتەوە. لەبەشی دووهەمدا کە ڕادکە شەوێکی درەنگ ئەگاتەوەماڵی ئێریك، دوای

نانخواردن و کەمێك خواردنەوە، وە هەردوای بەجێهێشتنی ئێریك و چوونی بۆ ژوورەکەی خۆی نزیکبوونەوەیەك لەنێوان باوکەکە و ڕادکەدا ڕووئەدات و باوکەکە داوای سێکسکی لێئەکات، ئێریك لەکاتی سەماکردنی هەردووکیاندا دێت بەسەرداو ڕووداوەکە بە چاوی خۆی ئەبینێت، بەبێ ئەوەی توشی سەرسوڕمانێکی گەورەبێت.

لەبەشی سێهەمدا بەیانی ڕۆژی داهاتووە، دراماکە ئەگاتە کۆتایی تراژیدیانەی خۆی بەوەی کوڕەکە باوکەکە ئەکوژێت.

حیوارەکانی ئەم شانۆنامەیە زۆرینەیان کورتن و لە شێوەی پرسیاردا ئەکرێن و هەڵگری بێدەنگی و ڕقێکی ئینسانی سەیرن، کە هەرگیز ناکرێت لە ڕوویەکی مۆڕاڵییەوە بۆ ناسینی باوك و کوڕ، بتوانرێت لەو هەموو حاڵەتە ئینسانی و نهێنیانە بگەیین کە لە نێوانی ئەم دوو ئینسانەدا هەیە، بۆ خوێندنەوە و کارکردن لەم شانۆنامەیەدا ئەبێت مۆڕاڵی باو فەرامۆشبکرێت، کاتێکیش کە مۆراڵ لەبیرکرا ئەوکات ئەتوانین لە نزیکەوە لەبەردەم دوو ئینساندا بوەستین بەهەموو یادوەری و شکست و خۆشەویستی و تەنهایی و ڕقیانەوە بۆ یەکتری، چونکە ئەوەی مۆڕاڵ ئەیکات جۆرێکە لە دیوار دروستکردن لەبەردەم ناسینی ئینساندا، هەمیشەش هونەر و ئەدەب لەو دیوی ئەو دیوارەوە کارئەکات کە ناو ئینسان خۆیەتی نەك دەرەوەی.

لاش نۆرێن وەك عاقیبەتی هەموو نووسەرە داهێنەرەکانی دنیا، لە سوێددا وەك سترینباری و بێرگمان کە ئەوانیش دوو داهێنەری ئەم میللەتە پچکۆلەیەن و لە دنیادا ناسراون، خۆشەویست نییە، بەهۆی کۆمەڵێك بیانووی سادەگۆی وەك ڕەشبینی و چەندان تۆمەتی تر، ئەم نووسەرە لە ناو ئیلیتێکی ڕۆشنبیران و ڕەخنەگراندا لەپێشی هەرە نووسەرە گەورەکانی ناو سوید و دنیاوە دانراوە. هۆکەشی ئەوەیە کە ئەم لەسەر ئەو دیوانەی ئینسان کارئەکات کە هەمیشە ئەبێتە هۆی ڕاچڵەکین و ناڕەحەتکردنی ئەوەی بەرامبەر، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو دیوە شاراوە و نهێنیانە، دیوە دیارنەبووەکانی ئینسانەکانن، کە ئێمەش وەك ئینسان هەم بەرپرسیارین و هەمیش بەشێ لەو نهێنی و شاراوەییەی ئینسانمان لە خۆماندا هەڵگرتووە.